

ئاناتۆڵ دارۆف

مردوخۆرەکان

مردن و مردوخواردن لەپێناوی نیشتماندا شانازییە

لە فارسییەوە:

بـورهـان قانـع

ئاناتۆلْ داروّف

مردوخۆرەکان

مردن و مردو خواردن لەپێناوی نیشتماندا شانازییە...

لە فارسییەوە: بورهان قانع

کتێب: مردوخۆرەکان

بابەت: یاداشت

نوسینی: ئاناتۆل دارۆف

وەرگێڕ: بورهان قانع

نەخشەسازی:هەرێم عوسمان

هەڵەچن: باوکی پامێر

چاپی یەکەم: چاپخانەی (الحوادث)ـ بەغداد ١٩٨٤

چاپی دووم: خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانع ـ ٢٠٠٦

ژمارەی سپاردن: (   )ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

پێشکەشە بەو کەسانەی:

لەڕێگای گەلو نیشتمانەکەیاندا خۆرائەگرنو

لەبەردەم دوژمندا چۆک دانادەن.

بورهان قانع

١٩٨٤

ئــەوەی بــەســەر ئــەو شــارەدا هــات، هەتا هەتایە نمونەی قارەمانێتیو گیانی خۆراگریو نیشتمانپەروەری خەڵکی لینینگرادە.

وەرگێڕ

پێشەکی

نیشتمانپەرستی کارێکی سادەو ئاسان نییە، قوربانیدانو لەخۆبوردن، لەپێناوی نیشتماندا ئەرکی سەرشانی هەر هاولاتییەکە.

ئەم کتێبە بچکۆلەی لەبەردەستدایە، بەسەرهاتی رۆڵی ئازایەتیو خۆڕاگری خەڵکی شاری لینینگرادتان بۆ ئەگێڕێتەوە، کەچۆن لەکاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا خۆیان لەرووی لەشکری داگیرکاری نازییەکان راگرت، تا ئەورادەی مێژوو بەسەرسامییەوە بۆمان ئەگێرێتەوە، راوەستانو نیشتمانەکەیان نەدا بەدەست دوژمنەوە، با ئەمەش نموونەی خۆراگریو فیداکاری بێ بۆ هەر هاوولاتییەکی ئێمەش،

مەبەست لەگۆڕینی ئەم کتێبەو چاپکردنی، ئەوە نییە بەشانو باڵی کەسدا هەڵبدەین، هەرچەند شایانی ئەوەشن.. بگرە مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە: ئەو گیانی خۆراگریو نیشتمانپەرستییەی خەڵکی لینینگراد ببێتە سەرمەشقی گیانی خۆراگریو بەرگەگرتنی گەلەکەمان لەهەر بوارێکی مێژوویی تاڵو پڕ لەناسۆردا.

نوسەری کتێبەکە، ئاناتۆڵ دارۆف.. خۆی یەکێک بووە لەو مردوخۆرانەی لەشەڕەکەدا خۆراگربووە۱. نووسەر، باسەکەی وەکو ڕووداوێک، یان بەسەرهاتێک بۆ گێڕاوینەتەوە بۆ ئەوەی دەوری هاندەری خۆی ون نەکات، ئێمەش هەر بەوشێوەیە کردمان بەکوردی، سەرباری ئەوەی لەچەند شوێنێکدا کورتە دەسکارییەکی کەممان کردووە، ئەویش نەک بەورادەیە کە کاربکاتە سەرتێکدانی مەفهومی باسەکە، یان لەڕەووشتی وەرگێران بچێتە دەرەوە.

نوسەر، کتێبەکەی بەچوار بەش نوسیوە، ئێمەش هەر کردمان بەچوار بەشەوە... بەڵام هەندێک وشەمان گۆڕیوە بەوشەیەکی تر، ئەویش بۆ ئەوە بووە کەلەسەر زار سوکو ئاسان بێت.

ئیتر سوپاسی هەموو ئەو خوێنەرە بەڕێزانە ئەکەین، کە ڕێزی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەرادەی شیاوی خۆی ئەگرن.

بورهان قانع

بەشی یەکەم
قوناغی خۆ گورجکردنەوەو
سەرەتای خۆراگرتن

کاتێک شەڕ دەستی پێکردو سوپای ئەڵەمان ویستی شاری لینینگراد داگیربکا، خەڵکی شارەکە هەموو تێکڕا کە زانیان نیشتمانو شارەکەیان کەوتۆتە مەترسی داگیرکردنو وێرانکردن، بۆ ئەوەی بەرگری لەسەر شارەکەیان بکەن، بەگورجی کوتنە خۆ.

خەڵکی روسیە پێچەوانەی خەڵکەکەی ئەوروپای رۆژئاوا، لەکاتی هەر جۆرە فیداکارییەکدا ئەوەندە خۆیان سەرقاڵ ناکەن.. بۆ بەرگرتن لەسەر پاراستنی شارەکەیان گەورەترین فیداکاریان کردووە.

ئەو خەڵکە هەمەجۆرەی، جگەلەوە بەرەوشت نیشتمانپەروەرن، ئەیانویست ئەوە بسەلمێنن کەئەتوانن شارەکەیان بپارێزنو شیاوی ئەوەیە هەمیشە بەئاوەدانی خنجیلانەیی بمێنێتەوەو دانیشتوانەکەشی هەمیشە شانازی بە شارستانێتی باری پێشکەوتنیەوە بکا.

من ، لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر سوپای ئەڵەمانیەکان لەدووەمین شەڕی جیهانیدا توانای داگیرکردنی هەر شارێکی تریان هەبایە، نەیانئەتوانی وەکو بەخۆیاندا رائەبینی یان ئەیانویست، بتوانن

ئەو شارە بگرن.. مەگەر تا ئەورادەی سەرجەمی ژن‌و پیاوانی شارەکەیان بکوشتبایە.

دوای ئەوە شەڕەکە دەستپێکرد، ئەوکات قوتابی دانشگابووم . بەهۆی ئەوەوە کە تاقیکردنەوەمان تەواو بوبوو، توانیم بەشداری شەڕەکە بکەم.

لەسەرەتای پەلاماری ئەڵەمانەکاندا بۆ سەر شارەکەمان، فەرماندەی بەرگریی شار پێی وتین:

«پێویستمان بەسەرباز گرتن نییە، بەڵکو هەندێک خەڵکمان ئەوێت بۆ ئەوەی خەندەکێکی قووڵ بەهەر چواردەوری شارەکەدا هەڵکەنن‌و دەوروبەری شارو شوێنە دەرکەوتووەکان هەموو بکەنە سەنگەر».

هەروا پێی وتین ئەبێت:

«سەرەتای سەنگەرەکان تارادەیەک لەشارەکەوە دووربێت، دوای ئەوەش چەندان سەنگەری تر لەشوێنە جوربەجۆرەکاندا، تا ئەگاتە شار، یەک لەپشت یەکترەوە هەڵبکەندرێن.

ئێمە دەستمانکرد بەسەنگەر هەڵکەندن، کە ئەڵێم ئێمە، مانای چوار ملیۆن خەڵکی دانیشتوانی شار .. ئەمە جگە لەو کرێکارانەی لەکارخانەو فابریقە دەوڵەتییەکاندا کاریان ئەکرد، جگە لەو

هەموو ژن‌و پیاوە پەککەوتەو منالانەیش کە لەشارەکەدا بوون.

قازیی دادگاو دادوەرو مامۆستای دانشگاو ژنە هونەر پیشەکان‌و... بەکورتی تێکڕای دانیشتوان هەر لەگەورەترین بەڕێوەبەری دەزگاو دامەزراوەکانەوە، تا بچوکترین کارگوزاری دەوڵەت لەگەڵ تێکڕای خەڵکدا، هەموو ڕۆژ، هەر لەبەرە بەیانەوە بە پاچ‌و بێڵ هەڵکەندن لەشار ئەهاتنە دەرەوەو تا ئێوارە لەو دەشتە خەریکی سەنگەر هەڵکەندن ئەبوون.

کرێکاری ئاسایی ڕۆژانە هەشت سەعات کاری ئەکرد، بەڵام ئێمە هەموو ڕۆژێک نزیکەی ۱۷ سەعات کارمان ئەکرد، ژنان لەپاش نیو سەعات ئیشکردن-یان زیاتر- لەسەنگەرەکەندا شەکەت ئەبوون، لەجیاتی پرچ شانە کردن‌و گوڵاو پژاندن بەسەرو لەشیانا، هەموو پرچەکانیان بەجۆرێک پڕ بوبوو لەخۆڵ، کە بەئاستەم ئەناسرانەوە. هەوای گەرم‌و تیشکی خۆر گەلێک لەو خەڵکە ئیشکەرانەی شپرزە کردبوو، بەڵام کەس گوێی بە ماندوبوون‌و گەرما نەئەدا.. چونکە ئامادەبوون هەموو جوانی‌و خۆشییەکیان بکەن بەقوربانی

شارو نیشتمانەکەیان.

لەو کاتەدا ناوشار ئازوخەی تەواوی تیابوو، هێشتا برسێتی دەستی پێ نەکردبوو، خەڵک ئەوەندە بەشوێن خۆراکدا نەئەگەڕا، دەوڵەت فەرمانێکی دەرکردبو کە هەموو شت لەناوبەرن بۆ ئەوەی لەکاتی داگیرکردنی شارەکەدا -لەلایەن ئەڵەمانەکانەوە- هیچ شتێک نەمێنێت بکەوێتە دەست ئەڵەمانەکان.

مەبەست لەمەیش ئەوەبوو ئەگەر ئەڵەمانەکان هاتنە شارەکەوە، نە سوتەمەنیان دەست بکەوێ، نەخۆراک.. ئەم فەرمانە دەقاندەق جێبەجێکرا.

لەدەوروبەری شار کێڵگەی پەتاتەی زۆری تیابو، لەو کاتەدا پەتاتەش پێگەیشتبوو، ئەگەر بەرێوەبەرانی شار چەند سەد کەسێکیان تەرخان کردبایە پەتاتەی کێڵگەکان کۆبکەنەوەو لەناو شاردا هەماری بکەن، بەوجۆرە برسێتی ئەوەندە خەڵکی نەئەکوشتو خەڵک بەوجۆرە لە برسانا شپرزە نەئەبوونو نەئەمردن..

بەرێوەبەرانی شار بیریان لەئازوخەی چەند مانگی داهاتوی چوار ملێون خەڵکی شار نەئەکردەوە، فەرمانیاندا پەتاتەی کێڵگەکان هەموو

لەناوبەرن بۆ ئەوەی ئەگەر شارەکە گیرا، نەکەوێتە دەست لەشکری ئەڵەمان.

ئەگەر کەسێک ببیستبایە چوار ملیۆن کەس خەڵکی ناوشار-جگە لە کرێکاری کارخانەو فابریقەکان، کە چەکو تەقەمەنیان دروست ئەکرد- هەموو لەسەنگەرەکان خەریکی پاچکارینو سەنگەری دژی تانگ دروست ئەکەن، سەری سورئەما کە ئەمانە چۆنو بەچی ئەژین؟! چونکە لەکاتێکدا هەموو خەڵکی شار هەر لە بەرەبەیانەوە بچنە دەرەوە بۆ سەنگەر هەڵکەندنو ئێوارە بگەڕێنەوە بۆ ناو شارو هیچ کارێکیان نەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان.. ئەی گوایە بەچی ئەژین؟!.

یەکێک لەهۆیە گرنگەکانی پاراستنی شار-کەلەو کاتەدا دوستیان کرد- خەندەکێکی قووڵ بوو، کە بەهەر چواردەوری شارەکەدا هەڵکەندرا بوو..

لەو باوەڕدانیم لەهیچ سەردەمێکی مێژوودا، خەندەکێکی بەوجۆرە فراوانو قووڵ بەدەوری هیچ شارێکدا هەڵکەندرابێت.. تاقیکردنەوەش دەریخست ئەو خەندەکە، لەو کاتەدا کارێکی تەواو پێویستو بەجێ بوو، چونکە کاتێک لەشکری ئەڵەمان هەموو

سەنگەرەکانی دەوروبەری شاری گرتو گەمارۆی شارەکەی دا، هەرچەند هەوڵیاندا نەیانتوانی لەو خەندەکەوە بپەڕنەوە بۆ ناو شار.. ماوەی سێ ساڵ لەشکری ئەڵەمانەکان لەوبەری خەندەکەکەوە راوەستان، تا ئەوکاتەی تێکشکانو دەرکران.

ئەو خەندەکە لەجیاتی ئاو پڕ بوبوو لەخوێن، لەناو ئەو خەندەکەدا تەنیا مشتێک خاک نەمابوو بەخوێنی پەلامـاردەران، یان بەرگریکاران سور نەبوبێت.. یان نەبوبێت بەقوڕ.

ئـەو شوێنەی مـن سـەنگەرم تیا هەڵئەکەند، لەنزیک گوندێکەوە بوو بەناوی «ریباتز کویە»، ئەو گوندە لەکاتی شەڕدا بەتەواوی وێران ببوو.. بەڵام لەوکاتەدا کە ئێمە سەنگەرەکانمان هەڵئەکەند، گوندێکی ئـاوەدانو خنجیلانە بوو، ژمـارەی ئەو خەڵکانەی هاتبوون بۆ ئیشکردن ئەوەندە زۆ بوون لەسەر ئیشەکە، بەئاسانی جێگامان نەئەبۆوە، ئەوەشمان نەئەزانی ئەم هەموو خەڵکە لەو دەشتەدا کار ئەکەین، چۆن هۆیەکانی تەندروستیو ژیان دابین بکەین.

بۆ ئەوەی ئیشەکەمان دوانەکەوێ، شەوانە لەوێ ئەماینەوەو نەئەرۆیشتینەوە بۆ ناو شار، لەدورەوە

دوکەڵی دوکەڵکێشی کارخانەکانمان ئەبینی.. شەوانە لەناو چاڵو سەنگەرەکانا ئەماینەوە، ژیانی ئێمەش وەکو ژیانی سەربازەکانی ناو سەنگەری لێهاتبوو، جیاوازیمان هەر ئەوەندەبوو کە ئێمە بێ چەک بوین.. بەرۆژدا ژنانو پیاوان پێکەوە کاریان ئەکرد، شەوانەش هەر دەستە بەجیا لەسەنگەرەکانا ئەخەوتین.

لەسەرەتادا دوژمن پەلاماری ئەداین، بەڵام لەسەرەتای مانگی تەموزدا ، فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەڵەمان بەتوندی پەلاماری سەنگەرەکانیان داین. من یەکەمجارم بوو کەچاوم لەفڕوکەی شەڕکەرەوە بێت، کە چۆن بۆمبا فڕێئەداتو شەڕئەکات.

هەر لەگەڵ هاتنی فڕۆکەکانی ئەڵەماندا، تۆپە تەیارە شکێنەکانمان کەوتنە دەستڕێژو ئاگر بارانکردنی فڕۆکەکانو دایانگرتن.. ئێمەش وەکو جاران خۆمان لەناو سەنگەرەکانا متکرد، پۆلێک لەفڕۆکەکانمان لەگەڵ فڕۆکەکانی دوژمندا لەئاسمان کەوتنە شەڕەوە، بەڵام نەیانتوانی فڕۆکەکانی دوژمن دەربکەنو دوریانبخەوە، فڕۆکەیەکی دوژمن هاتە سەر سەرمان، هەرچەند لەلایەن تۆپە شەشیرەکانمانەوە تەقەی لێکرا

نەگەڕایەوە، شتێکی رەشی لەسەرمان بەردایەوە، تمەس بۆمبابوو، کەوتە ناو سەنگەرەکەی ئێمە.. چوار کەسی لێ کوشتین‌و چەند کەسێکیشی بریندارکرد.. کە ئەمەم دی، ئینجا لەشەڕو لە ئازاری شەڕ تێگەشتم.

سەرلەئێوارەی هەمان ڕۆژ ، دەستەیەک فڕۆکەی تری ئەڵەمانەکان هاتن، بەلاّم فڕۆکە شکێنەکانمان ئەمجارە توانیان یەکێکیان لێ بخەنەوە خوارەوە، دوای رۆیشتنی فرۆکەکان، کچە ئیشکەرەکانی ناو سەنگەرەکان رایانکرد بۆ لای تۆپچییەکانمان‌و ئەملاوئەولایان ماچ ئەکردن‌و سوپاسیان ئەکردن.

لەرۆژی سێیەمی مانگی تەمموز بەدواوە، مەترسییەکی زۆر کەوتە ئیشکردنەکەمانەوە، چونکە رۆژ نەبوو چەندان فرۆکەی دوژمن نەیەتە سەرمان‌و پەلامارمان نەدەن‌و چەندان ژن‌و پیاومان لێ نەکوژن.

رۆژێکیان شەمەندەفەرێکی پڕ لەمناڵ لەشاری لینیگرادەوە دەرچوو، بۆ ئەوەی منالّەکان لەئاگری شەڕ دووربخاتەوە، لەوکاتەدا پۆلێک فرۆکەی دوژمن هاتن‌و شەمەندەفەرەکەیان بۆمبا باران

کردو سوتاندیانو هەموو منالّەکان کوژران..

هەموو رۆژ، رۆژی چەند جارێک فرۆکەی دوژمن ئەهاتنە سەر سەنگەرەکانو بەتایبەتی خەندەکەکەیان بۆمباران ئەکرد.. بەلاّم هیچ پەلاماری شارەکەیان نەئەدا، لەکاتێکدا کە بە ئاسانی ئەیانتوانی شارەکەش بۆمبباران بکەنو هەمووی وێران بکەن.

فرۆکەکانی ئێمە نەیانئەتوانی بەر لەفرۆکەکانی دوژمن بگرن، ئێمە نەمانئەزانی بۆچی دوژمن سەنگەرەکانی ئێمە بۆمبباران ئەکات، کەچی دەست لەسەربازگەکانی ناو شارو ئەو کارخانانەی چەک دروست ئەکەن، ئەپارێزن.

لەدوای شەڕەکە ئەم هۆیە دەرکەوت کە ئەڵەمانیەکان ئەیانویست بێ ئەوەی شارەکە وێرانبکەن بیگرنو دەست بەسەر تەواوی کارخانەکاندا بگرن، ئەڵەمانیەکان وایان دانابوو بەلای کەمەوە تا رۆژی ١٥ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١، ئەبێت تەواوی شارەکانی ناوچەی ژوورروو بگرن، لەبەرئەمەبوو نەیانئەویست شارەکە وێران بکەن، بۆ ئەوەی کاتێک شارەکانیان داگیرکرد، دەست بەسەر هەموو ئەو کەلوپەلو

کارخانانەشدا بگرن‌و تالآنییەکانیان لەناونەچن، بەتایبەتی کە ئەیانزانی هەموو زێری پاشەکەوتەی ولآتی سۆڤییەت لەشاری لینیگرادداپە.

ئەو سەنگەرانەی کەویستمان تەواوبون، ئینجا چوین بۆ شوێنێکی تر، بۆ ئەوەی سەنگەری دژی تانک هەڵکەین، لەو کاتەدا نزیکەی هەشت سەد هەزار کەسێک خەریکی هەڵکەندنی خەندەکە قوڵەکە بوون، هیچ شارێکی تری ئەو ولآتە خەندەکی بەوجۆرەی بەدەورا نەکێشرا بوو.

بەلآم لەکتێبە مێژووییەکاندا زۆرجار ئەوەم خوێندۆتەوە کە لەسەردەمی کۆندا بۆ پارێزگاری شارە گەورەکان، چەندان خەندەکیان بە دەوری شارەکاندا هەڵئەکەند، بۆ ئەوەی دوژمن زەفەریان پێ نەبات.

ئەو خەندەکە بەهۆی قووڵی‌و گەورەییەوە، توانی بەربگرێ لە هێرش‌و پەلاماری ئەڵەمانییەکان، خەندەکەکە بازنەیی نەبوو، هێلکەیی نەبوو،و تەنانەت چوارگۆشەو لاکێشەیش نەبوو.... بەڵکو وەکو پشتێنێک بوو، بەلآم بەشێوەی شکاوە.

سێ ریز سەنگەر لەپشتەوەی خەندەکەکە دروستکرابوو، بۆ ئەوەی ئەگەر ریزی یەکەم‌و

دووەم گیران، ریزی سێیەم بتوانێت رێگری لەپەلاماری دوژمن بکات، بەجۆرێک خەندەکەکە هەڵکەندرابوو، ئەگەر دوژمن لەهەر شوێنێکیدا بیویستبایە پەلاماربدات، ئەکەوتە بەر ئاگری دەستڕێژی سەنگەرەکانی دواوە.

لەهەندێک شوێنی خەندەکەکەدا، گڵۆپی تیشک هاوێژیان دانابوو، کەرووبەرێکی زۆری لەدوری خەندەکەکەوە رۆشن ئەکردەوە.. لێپرسراوان نەخشەی پاراستنی شارەکەیان بەر لەپەلاماری ئەڵەمانیەکان دانابوو، چونکە پێشبینی ئەوەیان کردبوو ئەڵەمانیەکان پەلاماری شارەکە ئەدەن، هەروەکو لەدوای شەڕەکە دەرکەوت کەنەخشەی پاراستنی سەرتاسەری وڵات هەر لەساڵی ١٩٣٨ەوە دانرابو، واتا بەسێ ساڵ بەر لەپەلاماری ئەڵەمانیەکان، لەو کاتەوە کەئەڵەمانیا زۆری بۆ وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا هێنابوو، داوای ناوچەی «سودت»ی ئەکرد، کە لەدواییدا بوو بەداواکردنی تەواوی چیکۆسلۆڤاکیا.

خەڵکی شار بەچەرخ و مەکینەی گەورە، خەندەکەکەی دەوری شاریان هەڵکەند. یەکێک لە کارخانەکانی شار، بەپەلە ژمارەیەکی زۆر

مەکینەی گەورەی گڵ هەڵکەندنی دروستکردو خستیانە ئیش. لەپشتی خەندەکەکەوە، دیوارێکی گڵینی بەرین کە چوار مەترە بەرزاییەکەی بوو دروستیانکرد، لەسەر دیوارەکەوە هەر ماوەیەک چەندان سەنگەری پاشکەوانی بەزنجیرە تیا دروستکرابوو.

لەدوای دروستکردنی سەنگەرەکان تێکرای خەڵک دەستیانکرد بەهەڵکەندنی خەندەکەکە، نزیکەی دوو ملیۆن ژنو پیاو لەو خەندەکەدا رۆژانە ئیشیان ئەکرد، گەلێک لەو ژنو پیاوانە لەکاتی ئیشکردنا بە بۆمبای ئەڵەمانیەکان کوژران... لەرۆژێکدا زیاتر لە ١٠٠تا ٢٠٠ کەس بەهۆی بۆمبای فرۆکەی ئەڵەمانیەکانەوە ئەکوژرانو ژمارەیەکیش بریندار ئەبوون.

لەوکاتەدا کەخەریکی کارکردن بووین، وەکو نیشانەیەکی دیاری فرۆکەکانی ئەڵەمان وابووین.. بەداخەوە فرۆکەکانی ئێمە توانای بەرگریکردنی فرۆکەکانی ئەڵەمانیایان نەبوو..

دەوڵەت ئاگادارینامەی چاپ ئەکرد کە گوایە تائێستا هیچ فرۆکەیەکی ئەڵەمان نەچۆتە ئاسمانی شارەکەوە، ئەمە قسەیەکی راست بوو، چونکە جگە

لە فڕۆكە هەواڵدزەكان، هیچ فرۆكەیەكی ئەڵەمانی تا ئەوكاتە نەچوبونە سەر شاری لینینگراد، ئەمەش لەبەرئەوەنەبوو كەتۆپە دژە ئاسمانییەكانی ئێمە ڕێگایان نەئەدان، بەڵكو هەر خۆیان خۆبەخۆ نەیانئەویست بچنە ئاسمانی شارەكەوە.

بەرلەوەی هێزەكانی دوژمن بگەنە دەوروبەری شار، ئەوەندە لە كرێكاران و ئیشكەرەكانی ناو خەندەكەكە كوژران كە ڕەنگی خەندەكەكە ئەرخەوانی بوبوو.. لەبەرئەوەی ئەڵەمانیەكان بەگورجی ئەهاتن، ئێمە بۆمان نەئەكرا وەكو چۆن ئەمانەوێ خەندەكەكە تەواوبكەین، بەڵام توانیمان دوو لایەنی شار تەواوبكەین و ڕێگای هاتوچۆو هاتنی ئەڵەمانیەكان بگرین..

ڕوكارێكی تری شارەكە دەریا بوو، ئەوەیان پێویستی بەخەندەك نەئەكرد، كاتێك هێزی ئەڵەمانیەكان بەری ڕۆژهەڵاتی شارەكەیان گرت، ئیتر ئێمە نەمانتوانی خەندەكی تیا هەڵكەنین.

هێزە داكۆكیكارەكانی شار ، واتا هێزە بەرگریكارەكان، ئاویان نەكردە خەندەكەكەوە، ئەمەش لەبەردوو هۆ بوو.

١

یەکەم:

خەندەکەکە نزیکەی شەست مەتر پان بوو، لەهەندێک شوێنیشدا ئەگەیشتە هەشتا مەتر... پڕکردنی لەناو شتێکی ئاسان نەبوو، ئاوی رووباری «نڤا» کە بەناو شاردا ئەرۆیشت، بەسەر خەندەکەکەدا زاڵ نەئەبو، هەروەها لەدەریاشەوە پڕ نەئەکرا، لەبەرئەمە ناچار ئەبوون لەئاوی خواردنەوەی ناو شارەکە خەندەکەکە پڕبکەن، کەئەمەش کارێکی زۆر گران بوو. چونکە خەڵکی شاری بێ ئاو ئەبون، لەو هاوینەدا جگە لەمەینەتی شەڕەکە، دوچاری چەندان جۆر نەخۆشی ئەبوون.

دووەم:

لەبەر ئەوەبوو، ئەگەر پڕبکرابایە لەئاو، دوژمن بەئاسانی ئەیتوانی پردی بەسەردا ببەستێ و بەسەریا بپەڕێتەوە بۆ ناو شارەکە..

بەڵام پەڕینەوە لەخەندەکێکی بێ ئاو، کارێکی زۆر گران بوو.

دیوارەکانی خەندەکەکە وەکو کۆڵەکە وەستابوون، تەنانەت پشیلەش بەئاسانی نەیئەتوانی بەسەریا سەرکەوێتە سەرەوە، جگە لەوەش چەندان سەنگەری پاشکەوان کەبە سەر

خەندەکەکەدا ئەیانڕوانی، دروستکرابوون‌و بە هۆیەوە سوپای ئەڵەمان توانای نەبوو پێ بخاتە ناو خەندەکەکەوە.

جگە لەو هۆیانەی لەسەرەوە باسکران، دوای ئەوە کە گەمارۆدانی شارەکە درێژەی کێشاو زستان هاتە پێشەوە، دەرکەوت کە ئاو نەکردنە خەندەکەکە کارێکی ئاقڵانە بوو، چونکە ئەگەر خەندەکەکە ئاوی تیابوایە، زستان ئەبووە سەهۆڵ‌و بەئاسانی دوژمن بەسەریا ئەپەڕایەوە بۆ ناو شار.

لەشکری ئەڵەمان دوای ئەوە لەهەموو ناوچەکانی ئەورووپا سەرکەوت، کاتێک بەو خەندەکە گەیشت نەیتوانی بڕوات، بەپێچەوانەی نەخشەی ئەڵەمانیەکان پەلامارەکەیان بۆ سەر شاری لینینگرادو وەکو خۆیان ئەیانویست داگیرکردنی وستا. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو ناوچەکانی ترا سەرکەوتبوون، تەنانەت گەیشتبوونە روباری «ڤۆلگا»و پێیان نابووە شاری «تزاریت زین»ی کۆن کە لە دواییدا ناونرا «ستالینگراد». بەڵام هەرچەند هەوڵیدا نەیتوان بچێتە ناو شاری لینینگرادەوە.

لەکاتی هەڵکەندنی خەندەکەکەدا، زۆرجار

ئێسقانی مـردو لـەژێر خـاکـەوە ئـەدۆزرایـەوە، هـاورێکـانـم ئـەیـانـوت شــاری «بـگـرس پـۆرگ» لەسەر ئێسقانی ئەو کرێکارانە بونیادنراوە کە لەکاتی کردنەوەی شارەکەدا مردون.

دوای ئـەوەی پەلاماری گشتی ئەڵەمانیەکان دەستی پێکرد، ئەمانوت ئێمەش ئەمرین‌و جارێکی تر لەسەر ئێسقانی ئێمە شارەکە بونیادئەنرێتەوە.

سـەرۆکـی بنەماڵە ئاینییەکان، یـان یەکێتییە مەزهەبییەکان، چـەنـدان نـوسـراویـان بـەدیـوارو شوێنە گشتییەکانا هەڵواسیبو،و تیایاندا نوسیبویان:

«رۆژی راپەرینە، مەسیح لەسەر چیا بەرزەکان وەستاوە، خۆتان بۆ پێشوازی مەسیح ئامادەبکەن، تۆبە بکەن لەخوا بپاڕێنەوە بەڵکو خواوەند بتان بەخشێت».

هـەنـدێـک جـاریـش ئـاگـاداریـنـامـە بـە بـەنـاوی سەرۆکی ئەنجومەنی شـارەوە دەرئەچو، داوای لەخەڵک ئەکرد چاوەڕوانی سەرکەوتن بن.

خەیارو تەماتەو پەتاتەو نـان‌و شـەکرو چاو هەموو جۆرە ئازاوخەیەک تارادەیەک لەو کاتەدا زۆربـوو، بـەڵام گۆشت نەبوو، یان ئەگر هەبایە زۆر دەگمەن بوو، خەڵکی شار لەجیاتی گۆشت،

تەماتەو بیبەریان پێکەوە ئەبرژاندو ئایانخوارد، تا کۆتایی مانگی تەمموز نەهەست بە برسێتی ئەکراو نەبە کەمی ئازوخە لەناو شاردا.

لەسەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩٤١دا، گۆشت زۆر نایاب بوو، تەنانەت بەهیچ جۆرێکو لەهیچ لایەکی شاردا دەست نەئەکەوت. دوای ئەوەش دەسەندەی نانی رۆژانەش کەم بۆوە، بەڵام دانەوێڵە -بە تایبەتی ماشو نیسکو پەتاتە- هێشتا زۆر بوو.

لەنیوەی یەکەمی مانگی ئابدا دانەوێڵەش بەرە بەرە کەم بۆوە، بەجۆرێک لەکۆتایی ئابدا گەیشتە رادیەک نە پەتاتەو نەتەماتەو نەماشو نەنیسکو تەنانەت هیچ جۆرە دانەوێڵەیەکی تر دەست نەئەکەوتن.

یەکێک لەمامۆستایانی دانشگا -ئەگەرچی بەتەمەن زۆر پیربوو، خەرکی سەنگەر هەڵکەندن بوو لەگەڵماندا، رۆژێک لەکۆتایی مانگی ئابدا، کاتێک کەمەنجەڵێک نیسکێنەمان لێنابوو خەریکی نان خواردن بووین، لەناو سەنگەرەکانا وتی:

«کوڕەکان! نرخی ئەم نیسکێنەیە بزانن، وەکو من هەست ئەکەم ئەمە دوا نیسکێنەیە کەبیخۆین».

که نیسک تەواوبوو، ئینجا دە سەندەی نان بەشی نەئەکردین‌و تێرمان پێ نەئەخواد، ئیتر لەو رۆژە بەدواوە نیسک‌و ماش‌و هیچ جۆرە دانەوێڵەیەکی تر لە شاردا نەما، تاکو لێ بنرێن.

یەکەمجار لەمانگی ئەیلولدا هەستم بەبرسێتی کرد خەڵکێکی زۆریش وەکو من برسی بوون بەشوێن خواردندا ئەگەڕان، وتیان لەیەکێک لەشەقامەکانی شاردا هەموو جۆرە خواردنێک هەیە، تەنانەت گۆشتی «گا» ئەفرۆشن، رۆیشتم بۆ شەقامەکە لەیەکێک لەدوکاندارەکانم پرسی، ئەویش وتی: هەموو شتێکم هەیە، بەڵام بەزێڕ ئەیفرۆشم، وتم ئەی بۆچی بە «ئەسکەناس»ی نافرۆشی ؟ وتی: «ئەسکەناس»ی روسی ئەویش وەکو (منات)ی تزارییەکانی لێ دێت‌و بەهای نامێنێت .

لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا، هیچ کەس بە بیریدا نەئەهات کە «منات»ی تزاری دوچاری نوشوستی ئەبێت‌و لەبازارەکانی ناوخۆو دەرەوەدا بەهای خۆی ئەدۆڕێنی.. بەڵام لەدواییدا وای لێهات بچوکترین ئەسکەناسیان بە «٥٠٠» پێنج سەد هەزار «منات» ئەچو.

ئیتر لەو کاتەوە تێگەیشتم کەبازرگانو دوکاندارەکان لەدوارۆژی ئەسکەناسی روسی ئەترسنو لەو باوەڕەدان ئەویش نرخی نامێنێت.

مامۆستایەکی دانشگاکەمان کەبیستی لەبازاڕی رەشدا پارەی ئەسکەناسی روسی وەرناگیرێت، وتی:

«ئیتر نامەوێت بژیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاتان ئەکەم کەوڵاتەکەمان ئەم شەڕە نادۆڕێنیو هەر سەرکەوتو ئەبێتو هەر سەرئەکەوێت».

لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا، برسێتیو پەلاماری ئەڵەمانیەکان هەردوکیان بەیەکجارو لەهەموو لایەکەوە دەستیانپێکرد، هێزی زۆری دوژمن لەرۆژئاوای شارەوە زۆر بەتوندی پەلاماری شارەکەی ئەدا.

هەرچۆن بوو، ئەڵەمانیەکان توانیان بەهۆی تانکو چەکی قورسی زرێپۆشەکانیانەوە ئەو سەنگەرانە بگرن کە لەدەرەوەی شار هەڵکەندرابوون، لەسەرەتاوە ویستیان پرد بەسەر خەندەکەکەی دەوری شاردا ببەستن، بەڵام ئەو دەستە سەربازیانەی هاتبون بۆ بەستنی پردەکە، هەموویان کوژران.

پاش چەند رۆژێک هەموو ئەو لاشە کوژاوە ئەڵەمانیانەی لەسەر خەندەکەکە کوژرابوون، بۆ گەنیان کرد، ئەڵەمانیەکان نەیانئەتوانی لاشەی سەربازە کوژراوەکانیان لەخەندەکەکە دەربکەن‌و بیانبەنەوە. دوای ئەوە لەبەستنی پرد دڵنیابوون کە بۆیان نابەستری‌و توانای ئەمکارەیان نییە، ئینجا ویستیان دیواری پشتیوانی خەندەکەکە بشکێنن، بەڵام لەسەنگەرەکانی پشت خەندەکەکەوە درانە بەر دەستڕێژو ژمارەیەکی زۆریان کوژارو زۆریان لێ بریندداربوو، ئەوانی تریشیان هەڵاتن‌و پاشەکشەیان کرد.

لەکاتێکدا ئەڵەمانیەکان لەبەری رۆژئاوای شارەکەوە خەریکی خۆ رێکخستن‌و پەلاماردان بوون، ئێمەش لەلای رۆژهەڵاتەوە خەریکی هەڵکەندنی خەندەکو دروستکردنی سەنگەرو قایمکردنی دیواری سەر خەندەکەکە بوین، دوای ئەوە خەندەکەکە لەهەموو لایەکەوە هەڵکەندراو بەئەندازەی پێویست تەوابوو، ئەوکاتە خەڵکی شار هەموو دڵنیابوون کە ئیتر دوژمن ناتوانێت لەناکاو دزەبکات‌و پەلاماریان بدات‌و زەفەریان پێ ببات.. ئەڵەمانیەکان زۆرجار تاکتیکی تازەیان بۆ

پەلاماربردن دائەناو ئەیانویست پەلامای شارەکە بدەنو شارەکە داگیرکەنو دەست بەسەر هەموو ئەو کارخانەو فابریقەو دەزگاو دامەزراوە ئابوریانەدا بگرن کەلەشارەکەدایە، بەلام هەموو جار تێک ئەشکانەوە.

لەدووەم رۆژی مانگی ئەیلولدا، لەشکرێکی زۆری چەتربازی ئەڵمانی لەناکاو لەپشت سەنگەرە بەرگرییەکانەوە دابەزین، بەلام بێ ئەوەی بتوانن هیچ رواڵەتێکی شەڕەکە بگۆڕن هەموویان کوژران، ئەڵمانەکان چونکە -بەرلەوە- چەند شوێنێکیان بەرێگای چەتربازی داگیرکردبوو، بەوە دەسخەڕۆبوونو ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی موقەباو پلاستیکیان لەشێوەی مرۆڤ بەچەتر لەپشتی سەنگەرەکانەوە دابەزاند، بۆئەوەی خەڵکی شارەکە بخلەتێنن، بەلام هێزە بەرگریکارەکان هەڵنەخلەتان، لەیەکەم پەلاماردا بۆ سەر چەتربازەکان هەمویان کوشتن.

دوای ئەوە، ناوبەناو چەند جارێکی تر ئەڵمانیەکان هێزی چەتربازیان لەپشت سەنگەرەکانەوە دابەزاند، بەلام هێزە بەگریکارەکان دەمودەس لەسەریان ئامادەئەبوونو لەناویان

ئەبردن.

لەواقیعدا لەشەڕی (پۆڵەندە- لهستان) مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٩ -و لەشەڕی فەڕەنسە- لەمانگەکانی مایس‌و حوزیرانی ساڵی ١٩٤٠و شەڕی دورگەی کرت ساڵی ١٩٤١، هێزە چەتربازەکانی ئەڵەمان سودێکی زۆریان لەچەند پەلامارێکی کتوپڕ وەرگرت‌و توانیان بەو هۆیەوە هێزەکانی دوژمن لەناوبەرن، بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیان بۆ گرتنی شارەکە، بۆ نەچووە سەر.

دوای ئەوەی کە لەئەڵمانیەکان تێگەیشتن ناتوانن بەرێگای هێزە چەتربازەکانیانەوە بچنە ناو شاری لینینگرادەوە، جارێکی تر باری تاکتیکی شەڕیان گۆڕی‌و بەتەواوی ئەڵقەی گەمارۆدانەکەیان توندکرد، بەو نیازە تاوەکو لەرێگای نەبونی خۆراک‌و ئابڵوقەی ئابوری‌و برسێتییەوە خەڵکی شارو هێزە بەرگریکارەکانیان لەناوبەرن.

تارۆژی ٢٥ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤١، ئێستگەی رێگای ئاسنی (مگا)مان بەدەستەوەبوو، لەوێو بە رێگای ئاسندا هاتوچۆمان ئەکردو پەیوەندیمان لەگەڵ ناوچەکانی تری وڵاتدا هەبوو،

بەڵام رۆژی ٢٥ی مانگی ئەیلول، ئەڵەمانەکان پەلاماریان بردە سەر ئیستگەکەو داگیریان کردو سەرجەمی پاسەوانەکانی ئیستگەکەشیان کوشت، لەوکاتەوە ئیتر بەتەواوی ئەڵقەی گەمارۆدانەکەی شار توندتربوو، ئیتر لەوکاتە بەدواوە توانامان نەما هیچ جۆرە خۆراکێک لەدیوی دەرەوەی خەندەکەکەوە بهێنین بۆ ناو شارو بەتەواوی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی هاتوچۆکردنمان لەگەڵ دەرەوەدا پچڕا.

لیژنەیەک بۆ سەرژمێری ئازوخەی ناو شارو سەرپەشتیکردنی بەکارهێنانی رێک خرا، کە یەکێک لەئەندامەکانی ئەو لیژنەیە، فەرماندەی بەرگریی شارەکە بوو، ئەویتریان سەرۆکی شارەوانی بوو لەگەڵ چەند کەسێکس تر..

ئەم لیژنەیە پاش سەردانی سایلۆکان، بۆی دەرکەوت کە چوار ملیۆن کەس لەناو شاردا هەیە،و تەنیا شەش هەزار تەن گەنمیش لەسایلۆو هەمارەکانی دەوڵەتدا هەیە.. واتا ئەگەر هەریەک لەدانیشتوانی شار رۆژی نیو کیلۆ نان وەربگرن، ئەوکاتە بەشی تەنها (١٢) رۆژی خۆراکی خەڵکی شارەکە ئەکات.

ئەگەر زیاد لەو رادەیە گەنمو خۆراک لەشارەکەدا هەبایە، مەترسی برسێتی ئەوەندە نەئەبوو.. رەنگبێ هەندێک کەس لەماڵەوە هەندێک گەنم یان شەکرو چاو خۆراکی تریان هەبوبێ، بەڵام ئەوە بەئازوخەی شار دانەئەنرا.

باری شەڕ لەهەموو بەرەکانی شەڕدا وەکو یەک خراپ بوو، ئەڵەمانەکان زۆر بەگورجی سەرکەوتنیان بەدەست ئەهێنا. هەندێک لەو باوەڕەدابوون ئەڵەمانەکان بەر لەتەواوبوونی زستان، هەموو شارەکانی تری وڵات داگیرئەکەن و لەلای خواروشەوە ئەگەنە روباری «ڤۆلگا».

هەندێکی تریش لەو باوەڕەدابوون -کەهەر چۆن بێت- هەندێک لەشارە گەورەکان خۆیان رائەگرن، بەڵام زۆربەی خەڵک بەتەواوی لەو باوەرەدابوون کە هەرگیز ئەڵمانەکان ناتوانن گەمارۆدانەکەی شاری لینینگراد بشکێنن، هەندێکیش تارادەیەک گەشبین بوون، ئەیانووت: لەم بەهارەدا کە بەفرو سەهۆڵەکان توانەوە، دەوڵەت شارەکەمان لەگەمارۆدانی دوژمن رزگار ئەکات.

لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی شار چوار ملیۆن کەس بوو، هەر بۆ ماوەی (٩) نۆ مانگ،

شەش سەد هەزار تەن گەنمی پێویست بوو، تاكو دەوڵەت بتوانێ ئەو گەمارۆدانە بشكێنێ.. ئەگەر لەماوەی نۆ مانگدا هەر یەكێك لەدانیشتوان رۆژی نیو كیلۆ نانی پێ بدرابایە، ئەبوا (٥٤٠) هەزار تەن گەنم هەبایە، ئینجا بەشی ئەكرد.. لەهەمارەكانی دەوڵەتدا جگە لەو شەش هەزار تەن گەنمە، هیچ جۆرە دانەوێلەیەك یان شەكروچا، یان هیچ جۆرە خۆراكێكی تر نە لەسایلۆكانی تر، نە لەسایلۆكانی دەوڵەتو نە لەبازارەكاندا نەبوو.

لەمانگی ئەیلول بەدواوە، جگە لەنانی وشكی هیچ جۆرە خواردەمەنیەكی تر نەما.. ئەگەر لەكاتی خۆیدا هەمان پەتاتەو ماشو نۆكو نیسكەی ناوچەكانی دەوروبەری شار كۆبكرابانەوەو بەرێكو پێكی دابەش بكرانایە، بەرگیری لەبرسامردنی سێ ملیۆنو شەش سەد هەزار كەسی خەڵكی شارەكە ئەكرد.. ئیتر بەوجۆرە نەئەبو كە لەسەر ژمارەی چوار ملیۆن كەس دانیشتوان سێ ملیۆنو نیویان لەسەرماناو لەبرسانا بمرن . گوناحی ئەمەش لەئەستۆی لێپرسراوانی ئەوسەردەمەی شاردا بوو، كە چارەنوسی ئەم خەڵكەیان دایەدەست سروشت .

دوای ئەوەی سەرژمێری هەموو ئازوخەی شارەکە کرا، بڕیاردرا هەر کەسێک ڕۆژی (١٥٠) سەدو پەنجا گرام نانی بدرێتێ. لەبەرئەوەی لەناو شاردا هیچ جۆرە خواردەمەنیەکی تر نەبوو، خەڵکی ناچاربوو بەو (١٥٠) گرام نانە، قەناعەت بکات.. تا ئەوکاتەی خەڵک بەهیوای ئەوەبوون خواردەمەنی تریان دەستبکەوێت، مەترسی ئەوەندەنەبوو. بەڵام کە دڵنیابوون ڕۆژی سەدو پەنجاگرام نان زیاتر هیچ خۆراکێک دەست ناکەوێت، ئینجا ترسان. تەنانەت ئەو کەسانەی لەبەر قەڵەوی دوچاری نەخۆشی فشاری خوێن بوبون‌و تەنیا ڕێگای چاکبونەوەیان پارێزکردن‌و برسێتیبوو، ئەوەندە برسیان بووبوو، هەموو دوچاری نەخۆشی برسێتی بووبوون .ئێمە ئەو کاتە نەمانئەزانی ئەو (١٥٠) گرام نانە ئەبێتە (١٠٠) گرام‌و ئینجا ئەبێتە حەفتاو پێنج‌و دواجار ئەبێتەپەنجا گرام، تا ئەوکاتەی بە یەکجاری نامێنێ .. وردە وردە دەنگوباس لەشاردا بڵاوبۆوە کە دەسەندەی ڕۆژانەی نان لەو ڕادەی ئێستا کەمتر ئەبێتەوە، خەڵک بە گورجی باوەڕیان بەم جۆرە هەواڵانە ئەکرد، لەبەرئەوەی زەمینەی باوەڕکردن بەکەمبوونەوەی دەسەندەی نان زۆر لەباربوو،

ڕۆژی دوایی دەسەندەی نانی ڕۆژانە بوو بە(١٠٠) گرام .. بۆئەوەی خەڵک ورە بەرنەدەن‌و خۆڕاگربن، لێپرسراوانی شار ئەوەیان ڕاگەیاند کە لە دوارۆژدا دەسەندەی نان لەم رادەی ئێستا کەمتر نەبێتەوە .

ئەمە لەو کاتەدابوو کە یەکەمجار هەوری پایز بەری ئاسمانی گرت. لەوکاتەدا رۆژنامەکانی ناوشار بەردەوام بوون لەدەرچوون ، چونکە دەزگای کارەبا کاری ئەکردو ڕادیۆش هەبوو.. خەلک بەهۆی رادیۆوە ئاگاداری هەموو هەواڵێکی ناو شارەکە ئەبوو، بەتایبەتی هەواڵی کەمبونەوەی دەسەندەی نانی ڕۆژانە، کە لەهەموو شت زیاتر باسدەکراو ئەهەممیەتی ژیانی هەبوو. یان لە رۆژنامەکانا ئەیانخوێندەوە.. مەسەلەی کەمبونەوەی دەسەندەی ڕۆژانەی نان، کارێکی زۆری کردە سەر گیانی خۆراگریانەی خەڵک .

لەو لەوباوەڕەدانیم تا ئەو ڕۆژە خەڵک دەستی بە خواردنی گۆشتی گیانلەبەرە حەرامەکان کردبێت، وەکو : کەرو سەگو پشیلەو.... بەڵام کە دەسەندەی نان بوو بە (١٠٠) گرام لە ڕۆژێکدا، خواردنی سەگو پشیلەو گیانلەبەرە حەرامەکانی تر، شانبەشانی ئەو کەمبونەوەیە دەستی پێکرد.

نەک زۆربەی خەڵک، بەڵکو تەواوی خەڵک بەزۆری هەر بیریان لە خواردن ئەکردەوە .

زۆر جار بیرم لە رابوردو کاتی ئاسایی ژیان ئەکردەوە، کە چۆن لە چێشتخانەی ماڵەوە کاتێک مناڵبوم دایکم چەندان جۆر خواردنی بۆ دائەنامو منیش بیانووم ئەگرت .. یان نەختێک گۆشتو پەتاتەو ماشم ئەخواردو ئەڕۆیشتم ..

لەبیرم دێت زۆر جار دایکم گلەیی لای دراوسێکانمان ئەکرد، ئەیووت «ئاناتۆل» خواردنی پێ ناخورێت، ئەترسم لەم شت نەخواردنە دوچاری نەخۆشییەک بێت.

تائەو رۆژەی کارەبا ئیشی ئەکرد رادیۆ هەبوو، ئاگاداری هەواڵەکانی ناوخۆو دەرەوە بووین، رۆژنامە هەبوو، خەڵکی بەهۆی رادیۆو رۆژنامەوە لەهەواڵی شەڕ ئەگەیشتنو باسی شەریان بۆ یەکتر ئەگێڕایەوە. هەر لەو رۆژانەدا، بەهۆی نەبونی کەرەستەی سوتەمەنی، دەزگاکانی کارەبا لە کارکەوتنو کارەبا وەستا. رادیۆ لەکار کەوت، ئیتر رۆژنامە دەرنەچو، هیچ جۆرە هەواڵێکی شەڕمان لە هیچ لایەکەوە پێ نەگەیشت. ئەگەر ئێمە لەهەواڵی بەرەگاکانی تری شەر ئاگاداربوینایە،

بەورادەیە نەئەترساین.. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەرچەندە برسی بێت، ئەگەر ئاگاداری هەواڵی ناوخۆی، خۆیو دەرەوەو، وڵاتەكەی خۆی بێت ئەوەندە ورەی دائەبەزێو ورەبەرنادات .

بۆ نمونە:

ئەگەر كارەبامان هەبایەو رادیۆ كاری بكردایە، هەواڵی ئەوەمان ئەزانی كاتێك ئەڵمانیەكان پەلاماری وڵاتەكەیان داین، دەوڵەتی ئینگلیز بڕیاریداوە لەرێگای ژورروی ئەوروپاوە، ئازوخەو چەكو هەموو جۆرە مەكینەیەك بۆ روسیا بنێرێت. لەرێگای بەندەری «مورمانسك»ەوە كە كەوتۆتە لای ژورروی وڵاتەوە پێمان ئەگات، ئەگەر هەواڵی ئەوەمان بزانیایە كە یەكەمین كاروانی كەشتی ئینگلیزەكان لەژورروی ئەوروپاوە هاتووەو گەیشتۆتە بەندەری «مورمانسك»، ئێمەش خۆراگرترو ورە بەرزتر ئەبوینو هیوامان بەدوارۆژمان گەشتر ئەبوو.

ئێمە لەسەرەتای شەڕەكەدا ئەوەمان بیستبوو كەدەوڵەتی ئینگلیز یارمەتیمان ئەدات، بەڵام دەزگا راگەیاندنەكانی خۆمان ئەوەند بەخراپ باسی دەوڵەتە سەرمایەدارەكانیان كردبوو، بڕوامان

نەئەکرد دەوڵەتێکی سەرمایەداری وەکو ئینگلیز راستمان لەگەڵدا بکاتو یارمەتیمان بدات.

ئەگەرچی لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا، دەوڵەتەکانی فەرەنسەو بەریتانیا یارمەتی روسیایان دا، بەڵام لەوکاتەدا روسیا دەوڵەتێکی ئیمپەراتۆریو سەرمایەداری بوو، نەک وەکو ئێستا دەوڵەتێکی سۆشیالیستی.

ئەوانەی خاوەنی تاقیکردنەوە بوون، ئەیانوت: «مەبەستی ئینگلیزەکان لەمەدا -گوایە یارمەتی روسیا ئەدەن- تەنیا بۆ کات بردنە سەرە».

بەوجۆرەی کە فەرەنسە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا لەناوچو، روسیەش هەر بەوجۆرە لەماوەیەکی کەمدا لەناوبچێتو دوایی بڵێین:

«تاکو ئێمە کەلوپەلو ئازوخەو چەکو تەقەمەنیمان لەسەر کەشتییەکان بارکرد شەڕەکە تەواوبوو، چونکە ئەوانە وا ئەزانن روسیا وەکو فەرەنسە وایە لەماوەی شەش هەفتەدا لەناوبچێت، ئیتر ئەوە نازانن کە خەڵکی ئێمە خەڵکێکی خاوەن تاقیکردنەوەو خۆراگرن».

ئێمەش کەتاقیکردنەوەمان کەمبوو، نەمان ئەزانی چۆن بیربکەینەوە، بەڵام ئەگەر بمانزانیایە

دەوڵەتی بەریتانیا كاروانی دەریایی بۆ بەندەری «مورمانسك» نادووەو خەریكی داگرتنین.. هیوامان بەرزتر ئەبۆوە.

یەكێكی تر لەو رووداوە گرنگانەی كەئێمە ئاگادارنەبووین، ئەوەبوو دەوڵەتی ئەمەریكا تێكەڵاوی شەڕەكە بووبوو، دەوڵەتی ئەمەریكا لەمانگی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤١دا لەدوای پەلاماردانی بەندەری «پیرل هاربور» لەلایەن ژاپۆنەوە لەئۆقیانووسی ئارامداو نوقمكردنی چەندان كەشتیِ ئەمەریكایی لەو بەندەرەدا تێكەڵاوی شەڕەكە بوبوو.

ئێمە ئەمانزانی لەیەكەمین جەنگی جیهانیدا چوونی ئەمەریكا بۆ ناو شەڕەكە بووە بەهۆی بەخێرایی سەركەوتنی بەرەی هاو كارەكان.. ئەگەر ئێمە بەو هەواڵەمان بزانیبایە، ئەمانزانی شەڕی نێوان ئەمەریكاو ژاپۆن بەمانا هاریكاریكردنە لەگەڵ ئێمەداو ئەم هاریكارییە دەورێكی كاریگەرانەی ئەبێت، لەبەرئەوەی ئەمەریكاو ئینگلیز هێزی دەریایی زۆریان هەبوو.

ئەمڕۆكە من پیاوێكی ئیختیارمو چومەتە ساڵەوە، ئاگام لەباری چۆنێتی دەرەوە-واتا

دەرەوەی وڵات- هەیە، ئەوە ئەزانم کەلەو کاتەدا دەوڵـەتـی ئـەمـەریـکـاو ئینگیز هـەرچـەنـد هێزی دەریاییان زۆر بەهێزبوو، نەیانئەتوانی هێزەکانی خۆیان بگەیەننە دەریای «باڵتیک»و شارەکەمان لەو گەمارۆدانە رزگاربکەن، چونکە شارەکەمان کەوتە کەناری دەریـای «باڵتیک»و رۆژهەلاتی دەریاکەوە.

بەلام لەو کاتەدا هەر بەبیستنی هەواڵی چونە ناو شـەڕی ئەمەریکاوە، هیوایەکی بەرزمان بە دوارۆژ پەیداکرد.

کاتێک، دەسەندەی نان گەیشتە (٧٥) حەفتاو پێنج گرام لەرۆژێکدا، سەرمای زستانی ١٩٤١یش دەستیپێکرد، بەرلەوەی سەرما زۆربێت خەڵکی شـار هەموو دارو درەختەکانی نزیک شاریان سوتاندبوو، بەجۆرێک کە لەکاتی سـەرماکەدا خەڵک هیچ جۆرە سوتەمەنییەک نەبوو. خەڵکی بـەنـاچـاریو لـەبـەر سـەرمـا، دەسـتـیـان کرد بەسوتاندنی دەرگاو پەنجەرەو کەرەسەی تەختەی ناوماڵ و.... لەوکاتەدا بەهۆی سەرماو برسێتییەوە خەڵک ئەمردن .

بـەرلـەوەی هـەمـوو هـۆیـەکـانـی رۆیشـتـی

لەناوبچن، شەقامەکانی ناو شار وەکو شەوی شەڕیان لێهاتبوون، بەڵام لەزووری ماڵەکاندا کەم تا زۆرو لە هەندێک ماڵدا چرا دائەگیرسا.

لەزستانی ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٢دا، هەموو ماڵەکانی شار بێ چرا کەوتن‌و شەوانە بەتاریکی دائەنیشتن، ئەوانەی توانایان هەبوو لەماڵ ئەچونە دەرەوە بۆ ئەوەی دەسەندەی نانی رۆژانەیان وەربگرن، ئەوانەش کەتوانای چونە دەەرەوەیان نەمابوو، لەجێگای خۆیان ئەمانەوە تا ئەوکاتەی لە برسانا ئەمردن.

هەمو دوکان‌و کارخانەو فابریقەو دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت داخرابوون، چونکە برسێتی ماوەی ئەوەی نەئەدا کەسێک بتوانێت بە کارێکەوە خەریک بێت‌و کارێک بکات.

هەرکەس لەشار بۆ خۆی ئەژیاو هەوڵی ئەوەی ئەدا لەسەرماو برسێتیدا نەمرێت، سەر شەقامەکان خامۆش بوون، شوێنە گشتییەکان بێ ناز بوون، ئەو کەسانەی لەسەر رۆخی شەقامەکان لەسەرما یان لە برسانا ئەمردن، کەسێک بەهاناو هاواریانەوە نەئەچو.. هەرکەس لە دانیشتوانی شار دوو ئەرکی گەورەی لەئەستۆدابوو، یەکەم خۆی بەخێو بکات‌و

دووەم شانبەشانی ئەو خۆبەخێوکردنەش، ئەرکی نیشتمانیو پاراستنی شارەکە بەرێوەببات.

زۆربەی ئەو کەسانەی لەژوورەکانا ئەمردن، ژن یان پیاو، هەریەکە لەسەر پارچە کاغەزێک شتێکیان ئەنوسی بۆئەوەی دوارۆژ یان نەوەی داهاتویان لێیان تێبگەن.

هەرکەس لەماڵ ئەهاتە دەرەوە، حەزی ئەکرد بمرێتو ئیتر نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، خەڵکی حەزیان ئەکرد لەدەرەوە لەبەر رووناکیدا بمرن، نەک لەژوورەوە لەبەر تاریکیدا بژین.. ژیان ئەو بەها پیرۆزەی نەمابوو کەمرۆڤ بۆی تێبکۆشێ..

شەقامەکانی شار لەزستانی ١٩٤١-١٩٤٢دا، مردوریژ کرابوون، لە١٥ رۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٢دا، هەر رۆژەی پانزە هەزار کەسو لەپانزە رۆژی دووەمدا، هەر رۆژەی (٣٠) سی هەزار کەس لەبەر سەرماو برسێتیو نەخۆشی ئەمردن.

لاشەی ئەو سی هەزارەی ئەمرۆکە لەدەرەوەی ماڵەکانو لەسەر شەقامەکان ئەمردن، هەروەکو خۆیان ئەمانەوەو رۆژی دواتر، واتا بۆ سبەینێ، (٣٠) سی هەزاری تر ئەمردن بەسەریانا.

مردوخۆرەکان

لاشـەی مـردووەکـان وەکـو پەڵەیەکی رەش لەسەر رۆخی شەقامەکان ئەمانەوە.. تاکو بەفر ئـەبـاریو دایئەپۆشین.. دوای ئـەوە چینێکی تر سەرلەنوێ لەسەر بەفرەکە ئەمرد. هیچ کەس بیری لەوە نەئەکردەوە لاشەی مردووەکان کۆبکاتەوەو بیانباتە دەرەوەی شـارو بیانشارێتەوە، چونکە کەس توانای ئەمکارەی نەبوو.

هیچ کەس بیری لەوە نەئەکردەوە کە بەهار هاتو هەوا گەرمی کرد، بەفرو سەهۆڵەکان توانەوە، ئەم سەدان هەزار لاشەی مردووە -بگرە زیاتریش- چۆن بۆگەن ئەکەنو ئەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی هەزاران جۆر نەخۆشی، لەبەرئەوەی کەس هیوای ئەوەی نەمابوو تاکو بەهار دێت بژیو لەسەرماو لەبرسانا نەمرێ.

رووداوێکی سەیر

رۆژێــک بـەســەر شـەقـامـێـکـدا ئـەرۆیـشـتـم، دووکابرای بەساڵاچووی ئیختیارم دی لە کەناری شەقامەکە دانیشتبوون، هەریەکەیان بەچەقۆیەک خەریکی بڕینی قاچی ئەویتریان بوو، چونکە هـەردوکـیـان سـەرمـا بـردبـوونـی لـەبـەرئـەوەی

هیوایان بەدکتۆرو دەواو دەرمان نەمابوو -چونکە نەبوون- ئەیانویست بەم هۆیەوە چەند رۆژێکی تر بژین.

بەلام خەڵکی کەدەستو قاچیان سەرما ئەیبرد نەیان ئەبری، چونکە ئەیانزانی برینی دەستو قاچیان، لەمردن رزگاریان ناکات.. ئەوانیش ئەیانویست بمرنو لەو ژیانە مەینەتاوییە رزگاریان بێت.

دیمەنێکی ناخۆش:

شوێنێک کەوەکو کوشتارگا وابوو، مرۆڤ سڵی لێ ئەکردووەوە بەردەم نانەواخانەیەک بوو، رۆژانە خەڵک بۆ وەرگرتنی دەسەندەی رۆژانەی نانی خۆیان، چەند سەعاتێک لەو بەرسەرمایەدا ئەوەستانو لەناکاو ئەکەوتن بەسەر یەکترداو ئەمردن...

ئەوانەی لەبەردەم ئەونانەواخانەیەدا ئەکەوتنو لەبرسانا ئەمردن هەر لەوێدا ئەمانەوە، بۆ سبەینێ خەڵکی لاشەکانیان پێ کوت ئەکردن.

پیلانێکی ژەهراوی:

رۆژێک دەستەیەک فڕۆکەی ئەڵەمانیەکان

مردوخۆرەکان

بەئاسمانی شاردا تێپەڕین‌و نانی سپییان بەردایەوە، خەڵکی بە پرتاو رایان ئەکردو ئەیانخواردن، ئەمەش بوو بەهۆی کوشتنی خەڵکێکی زۆر لەدانیشتوانی شار، چونکە نانەکان هەموویان ژهراوی بوون. هەروەکو بڵێی سەرماو برسێتی بۆ کوشتنی خەڵکی شارەکە کەم بوو، ئەوانیش نانی ژهراویان بۆ بەرئەداینەوە.

پیلانێکی تر:

رۆژێکی تر دیسان ئەڵەمانیەکان جگە لەنانی سپی، پاکەتی شیرینی‌و شوشە ئاوی میوەو پسکیت‌و خواردنی تریان بەرئەدایە خوارەوە، سەرباری ئەوەی خەڵکی هەواڵی نانە ژەهراویەکانیان بیستبوو، کەچی لەبەر برسێتی‌و ناچاری لەو نان‌و شیرینی‌و ئاوی میوەیانە ئەخواردو ئەوانیش وەکو دەستەی پێش خۆیان ئەمردن، زۆر کەسیش بەتایبەتی ئەو خۆراکە ژاراویانەیان ئەخوارد، هەر بۆ ئەوەی بمرن‌و لەو ژیانە ناخۆشە رزگاربن...

نەمانزانی هۆی چی بوو دوژمن ئیتر وازی لە بەردانەوەی نانی ژەهراوی‌و ئەمجۆرە شتانە هینا...

پلەی سەرمای ئەو زستانە گەیشتە پەنجا پلە لەژێر سفرەوە ، رادەی لەبرساو لەسەرما مردووەکان گەیشتە رێژەیەک لەهەر هەشت کەس حەوتیان مردن، لەم روەوە سەرژمێرییەک نەکراوە تاکو بزانین چەند کەس لەژورا مردوون‌و چەندەش لەسەر شەقامەکان، بەلام وەکو دەرکەوتووە، نزیکی ۷۰۰-۸۰۰ هەزار کەس بەتایبەتی منالان، لەناو خانوەکانا مردوون .

پێویست بە باسکردن ناکات کە ناخۆشترین مردن مردنی منالەکان بوو، چونکە نەیانئەزانی لە کوێوە هاتون‌و بۆ کوێ ئەچن .

منالەکان لە برسانا ئەگریان‌و لە سەرمانا ئەلەرزین، ئەنجام لە باوەشی دایکیانا بەبێ ناز ئەمردن .

لەو کاتەدا دەسەندەی نان لە ۷۵ گرام لەرۆژێکدا بوو بە ۵۰ گرام .. بەلام نانەکە زۆر باش بوو، چونکە هیچ شتێکی تر نەبو تێکەڵ بەئاردەکە بکرێ‌و ئاردەکە خراپ بکات.

لەدوەمین جەنگی جیهانیدا، تارادەیەکو زۆربەی شارەکانی ئەوروپا دوچاری کەمی ئازوخە بووبوون،و لەزۆربەی شارەکانیشدا

بازاری ڕەش بۆ فرۆشتنی ئازوخە پێکهات.

هەرکەس پارەی هەبایە ئەیتوانی ئەوەندەی بیەوێ ئازوخەو شتومەکی خواردەمەنی بۆ خۆی بکڕێ .

بەڵام لینینگراد، لەسەرەتای شەڕەکەدا نەبێت بازاڕی رەشی تیا نەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە هیچ شتێکی تیا نەبوو تاکو لەبازاڕی رەشدا بیفرۆشن.

شاری ستالینگرادیش لەلای خواروی روسیەوە لەکەنار روباری «ڤۆلگا»، بەهۆی شەڕەوە وێران بووبوو، بەڵام کەسێکی تیا لەبرسانا نەمرد.

کاتێک دەسەندەی رۆژانەی نان گەیشتە رۆژی ٥٠ گرام، خەڵکی ناچاربوون لەبەر برسێتی دەستیانکرد بەخواردنی گۆشتی مردووەکان، لە نادیو ریستۆرانتەکانا بەئاشکرا کەوتنە مردوو خواردن، کە ئەتوانین ئەم ریستۆرانتانە، بەبازاڕی رەشی ئەوکاتەی لینینگراد دابنێین.

چومە یەکێک لەو رستۆرانتانەو بۆ یەکەمجار گۆشتی مردووم خوارد، لەوە بەدواوە هەموو جار بۆ خواردنی گۆشتی مردوو، ئەڕۆیشتمەوە بۆ هەمان رستۆرانت.

دەوڵەت زۆر بەباشی ئاگاداری ئەو رستۆرانتە بوو کە گۆشتی مردوی تیا ئەخورا، بەلام هێشتا بەرەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە رێگا نەدرابوو، چونکە هێشتا دەوڵەت رۆژی پەنجا گرام نانی بەهەر یەکێک لەو خەڵکە ئەدا، ئەوەندەی پێ نەچوو رۆژێک دەرگای هەموو نانەواخانەکان داخران‌و ئەو رۆژی پەنجا گرامەش نەما.

تا ئەو رۆژەی دەوڵەت رۆژی پەنجا گرام نانی بەهەر یەکێک لە خەڵکەکە ئەدا، روخساری کۆمەڵگایەکی شارستانی بەشارەکەوە دیاربوو، چونکە تا ئەوکاتە خەڵک هیوای بەژیان مابوو، هەموو رۆژ دەسەندەی پەنجا گرامی نانی خۆیان وەرئەگرت، بەلام کە ئەو رۆژی پەنجا گرامە نەما، ئیتر پەیوەندیی نێوان خەڵک‌و ژیان پچڕاو خەڵک هیچ هیوایەکی بەژیان نەما.

بەشی دووەم
کۆتایی روخساری شارستانیەت و خواردنی گۆشتی مردوودکان..

مردوخۆرەکان

کاتێک دەسەندەی نان بڕا، دەوڵەت هیچ ئاگادارییەکی لەم ڕووەوە بڵاونەکردەوە،و بەهیچ جۆرێکیش باسی لەهۆکاری بڕینی دەسەندەی نانی ڕۆژانە نەکرد. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەبوو کە نە ڕۆژنامە هەبوو نەدەزگای رادیۆ.. بەڵام خەڵک زۆر باش ئەیانزانی بۆیە دەسەندەی ڕۆژانەی نان بڕاوە، چونکە ئازوخە لەشارەکەدا نەماوە.

بەرلەوەی دەسەندەی ڕۆژانەی نان بدرێت، مـن دەسـتم کـردبـوو بـە خـواردنـی گۆشتی مـردووەکـان، لـەبـەرئـەوە دەسـەنـدەی نـان منی لەبرسێتی رزگارنەکرد، لەکاتی بڕینی ناندا ژەهری «پتومایین»١ وای لێکردبووم کەهیچ ئاگایەکم لەخۆم نەمابوو، چاوم بەدوکانی نانەواکان ئەکەوت هەموویان داخرابوون، بەخۆمم ئەوت:

«خۆم بۆ مەرگ ئامادەبکەم». لەو باوەڕەدابووم تێکڕای خەڵک هەموو وەکو من بیریان ئەکردەوە.

دوای بڕینی دەسەندەی نان، دەوڵەت ڕێگای لە خواردنی گۆشتی مردوو نەگرت، چونکە جگە لەلاشەی مردووەکان هیچ شتێکی تر نەبوو تاکو خەڵک بیخوات..

بەداخەوە کاتێک نان بڕا، سوتەمەنیش لەناو شارەکەدا تەوابوو، ئینجا خەڵک ناچاربوون لەبەر برسێتی گۆشتی مردوویان بەکاڵی ئەخوارد.

بەهۆی ئەوەوە کە لەدەزگای ڕۆژنامەنووسیدا کام ئەکرد، کتێبخانەیەکی گەوەی پڕ لەکتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنم هەبوو، زۆر جار بۆ گشت برژاندن لێم ئەسوتاندن، شەوانەش لەسەرمانا بەسەرو قاچمەوە ئەپێچان.

ئەڵەمانیەکان، لەدوای تەوابوونی دەسەندەی ڕۆژانەی نان، چەند شەوو ڕۆژێک یەک لەسەر یەک شارەکەیان دایە بەر گولله تۆپ، بەو نیازەی شارەکە هەمووی وێران بکەن.

ڕووداوێکی سەیر:

ڕۆژێک بۆ هێنانی گۆشتی مردوو لەژوورەکەم چومە دەرەوە، دەرگای ماڵی یەکێکم لەهاوڕێکانم دی کرابۆوەو جوتێک چەکمەش بەحەواوە لەناو

ژوورەکـەدا هەڵواسرابوو، کە چومە ژوورەوە تەماشام کرد خاوەن ماڵەکە بەپەتێک هەڵواسراوەو لاقێکی لێ کراوەتەوە.. زۆر سەرم سوڕما، بۆ ئەبێت ئەو کەسەی قاچی ئەم کابرایەی بڕیوە ئەوەندە ئەرکی کێشاوە، لەو پێپلیکانانە سەرکەوتووەو ئەم پیاوەی هەڵواسیوەو قاچەکەی بڕیوەتەوە.. خۆ هەر لەسەر شەقامەکە گۆشتی لەمە باشترو زۆرتر هەبوو بیبردبایە.

پەیتا پەیتا بەگەرمی دەنگی گولله لەتۆپی ئەڵەمانیەکان ئەهات کە بەسەر شارەکەدا ئەڕۆیشتن‌و ئەتەقینەوە، دەنگی روخاندنی خانوبەرەو دوکان‌و شوێنە نیشتەجێکان ئەهاتن، بەڵام کەسێک لەدەنگی گولله تۆپ یان فرۆکە نەئەترسا، چونکە لەگەڵ مەترسییەکی گەورەتردا روبەروبوونەوە، کە ئەویش سەرماو برسێتی بوو..

هەروەها، لەبەرئەوەی هیچ هۆیەکی گواستنەوەو هاتۆچۆکردن لەشارەکدا نەمابوو، خەڵک بەگشتی بەناوەراستی شەقامەکاندا هاتوچۆیان ئەکردو ئەکەوتن بەزەویدا..

بەهۆی ئەوەی هەندێک کاغەزی کۆن‌و کۆنە رۆژنامەو کتێب‌و گۆڤارم هەبوو، ئەو هاوڕێیانەم

کەئەیانناسیم بەتایبەتی ئەهاتن بۆ لام بۆ ئەوەی گۆشتی مردوو بەکاغەزەکان ببرژێنن.

لەسەرەتاوە خەڵک شەرمی لە خواردنی گۆشتی مردووەکان ئەکردو زاتیان نەئەکرد ئاشکراو لەبەرچاو خەڵکی ترا ئەمکارە بکەن.. دیسانەوە بەپێی یاساش ئەمکارە کارێکی ناپەسەندانە بوو.. بەڵام برسیێتیو باری ناچاری کارێکی وایکرد خەڵکەکە دەقیان پێوە گرتو لەبەرچاو یەکتریدا لاشەی مردووەکانیان لەتوپەت ئەکرد. کاتێک سەیری شەقامەکانت ئەکرد، ژنو پیاو بەچەقۆی گەورەو تیژەوە لاشەی مردووەکان ئەمدیوو ئەودیو ئەکەنو بەشوێن گۆشتی مردووی قەڵەودا ئەگەڕێنو لەتو پەتیان ئەکەنوئەیانبڕن.

هاوڕێیەکم رۆژێک وتی:

«هەروەکو چۆن هاوین ئەو هەمو پەتاتەیەمان بەخەسار رشتو لەناومان بردن، ئێستاش ئەم هەموو گۆشتە بەبێ دەست پێوەگرتن ئەخورێو لەناوئەچێ، رۆژێک دێت بۆی پەشیمان ئەبینەوە».

منیش بیرم لەوە ئەکردەوە

«لەبەر نەبوونی کارەبا یەخچاڵەکان کارناکەن تاکو گۆشتیان تیا هەڵبگیرێ.. ئەگەر بەوجۆرەش

به گورجی نه‌خورێت، چه‌ند رۆژێكی تر كه به‌هار هات‌و هه‌وا گه‌رم بوو، هه‌موویان بۆگه‌ن ئه‌كه‌ن‌و هه‌زاران جۆر نه‌خۆشیان لێده‌كه‌وێته‌وه».

به‌شێكی زۆری خه‌ڵكی شار بیریان له‌م مه‌سه‌له‌یه كردبۆوه، بۆیه زۆربه‌یان كه‌وتنه خۆ له‌ژێر خانه سارده‌كانا چاڵیان هه‌ڵئه‌كه‌ندو لاشه‌ی مردووه‌كانیان تیائه‌شارده‌وه‌و پاشه‌كه‌وتیان ئه‌خستن بۆ ئه‌و كاته‌ی كه هه‌وا گه‌رم ئه‌كات‌و گۆشتی سه‌رشه‌قام‌و كۆڵانه‌كان بۆگه‌ن ئه‌كه‌ن.

كه‌گۆشتی مردوو خواردن بوو به‌شتێكی ئاسایی، ئیتر ئه‌وه‌نده خه‌ڵك له‌برسانا نه‌ئه‌مردن، هه‌واش به‌ره‌و خۆشی ئه‌چوو، له‌و شاره گه‌وره‌یه‌دا ته‌نیا نه‌خۆشخانه‌یه‌ك نه‌مابوو، ئه‌ڵه‌مانیه‌كان هه‌موویان به‌بۆمباو گولله تۆپ وێران كردبوو..

خه‌ڵكی ناو شار نه‌خۆشه‌كانیان له باڵه‌خانه‌یه‌كی گه‌وره‌ی چه‌ند نهۆمدا كۆئه‌كرده‌وه، به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی خۆراك نه‌بوو بیاندرێتێ، به‌بێ خوارده‌مه‌نی ئه‌مانه‌وه، خواردنی خه‌ڵك بریتی بوو له‌گۆشتی مردوو، له‌وكاته‌دا هێشتا ده‌وڵه‌ت دانی به‌خواردنی گۆشتی مردودا نه‌نابوو، له‌به‌رئه‌وه كه‌سێك گۆشتی مردووی به‌نه‌خۆشه‌كان نه‌ئه‌داو

هەر لەجێگای خۆیان زیاتر لەبرسانا ئەمردن.

هاتنی فڕۆکەکان:

ڕۆژێک لەناکاو گوێمان لەدەنگی فڕۆکە دوپەروانەکانی خۆمان٢ بوو.. هەرچەند سەیرمان کرد لەبەر زۆریو نزمی هەورەکە هیچمان بەرچاونەکەوت.

هەرلەو ڕۆژنەدا، بیستمان کە فڕۆکەکانی خۆمان٣ چەند کیسەیەک خواردەمەنییان خستۆتە خوارەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ هۆیەکی پەیوەندیکردن نەبوو لەگەڵ فڕۆکەکانا، نەمانزانی لەکوێیان داخستووە.

ڕۆژی دوایی دیسان بەهەمان شێوە گوێمان لەدەنگی چەند فڕۆکەیەکی تری خۆمان٤ بوو، زانیمان کە دەوڵەت لەپەیجۆری ڕزگارکردنی شارەکەدایە.. بەڵام ئایا بەهۆی چەترەوە چۆن ئەوەندە ئازوخە ئەگات کەبەشی هەموو خەڵکی شارەکە بکات.

ڕۆژی ٢٩ی مانگی ساڵی ١٩٤٢بوو، کەدیسان کۆمەڵێکیتر فڕۆکەی خۆمان٥ هاتنە سەر شارەکەو چەند بەیاننامەیەکیان فڕێدایە خوارەوە، خەڵکی

بەپرتاو رایـان ئـەكردو بەپەلە بەیاننامەكەیان ئەخوێندەوە، لەبەیاننامەكەدا نوسرابوو:

«دەوڵەت ئاگاداری باری برسێتی شارەكەیە، بـەڵام لەبەر تەوژمی هـەواو توندوتیژی شەڕی ئەڵقەی گەمارۆدانەكە، ناتوانێت بەئاسانی ئازوخە بۆ شارەكە بەرداتەوە، بەڵام بەپێی توانا هەوڵئەدات ئازوخە بۆ شارەكە بنێرێ».

پاش ئەو ماوە دوورو درێژە كە خەڵك بەهۆی نەبوونی رۆژنامەو رادیـۆوە ئاگای لـەدەرەوەی شار نەمابو،و بۆ یەكەمین جار هەواڵی دەرەوەیان بیستو ئاگاداربوون.

بـەڵام هێشتا ئـەوە نـەزانرا كە ژاپـۆن لـەدژی ئەمەریكاو ئینگلیز تێكەڵاوی شـەڕەكـە بـووەو ئەمەریكاش چۆتە ناو شـەڕەكەوە.

تا ئەوكاتە سێ مانگ بەسـەر شـەڕی نێوان ژاپۆن‌و ئەمەریكادا تێپەڕیبوو، كەچی ئێمە هیچ ئاگایەكمان لەمەسەلەكە نەبوو، دەوڵەت نەیئەزانی ئێمە بەوجۆرە لەوەزعی دەرەوە بێ ئاگاین.

خەڵكەكە ئەوەندە برسی‌و بێ هیوابوون، هیچ دڵیان بەو بەیاننامانە خۆش نەئەبوو.

لەسێیەمین رۆژی مـانگی نیسـانی ساڵی

١٩٤٢دا پۆلێک فڕۆكەی تر ئازوخەیان هێنابوو، كەچی لەئاسمانی شاردا، بەرلەوەی بارەكانیان بخەنە خوارەوە، لەگەڵ چەند فڕۆكەیەكی جەنگی ئەڵەمانیەكانا دایان لەیەكو كەوتنە شەڕەوە. فڕۆكە روسییەكان توانایان بەسەر فڕۆكە ئەڵەمانیەكانا نەئەشكا، ناچار رایانكرد.

ژەهری «پتومایین» كەلە ناو گۆشتی مردوەكانا بوو، زۆربەی ژنو پیاوی شارەكەی گێژكردبوو، خەڵكەكە بێ هەست بەخۆكردن بەسەر شەقامەكانا ئەڕۆیشتن..

هیچ پێویست بەوە ناكات باسی پیسی شەقامو كۆڵانەكان بكەم، خوێنەر خۆی ئەزانێت شارێكی قەرەباڵغو بێ ئاوو كارەباو بێ دەستشۆرو ئاودەستو بێ گەرماو بێ هۆیەكانی تری تەندوستیو بێ ناز، ئەبێ چۆن بووبێت.

شەقامو كۆڵانەكان هەموویان بوون بەشوێنی خۆشوخاڵو.... ئەو شارەی كە هەمیشە وەكو بووک رازابوەوەو بەخاوێنترین شاری جیهانی ناسرابوو، بوو بەپیسترینو بۆگەنترین شاری جیهان.

خەڵكی شار هەموو ریشیان هاتبوو، كەسێک

تاقەتی ریش تاشینی نەمابوو، هیچ شتێکی سروشتی کۆمەلایەتی وەکو خۆی نەمابۆوە. روخسارو شارو خەلکی شار بەتەواوی گۆرابوو.

خواردنی گۆشتی مردوو بەجۆرێک خەلکی گێژکردبوو، کە دایک تەنانەت شیری بەمنالی بەر مەمکانەی خۆی نەئەداو منالەکان لەبرسانا ئەمردن.

هەر منالێک ئەمرد، چەند رۆژێک لەناو ژوورەکانا ئەمانەوە، کە بۆگەنیان ئەکرد، ئینجا دایکەکان منالەکانیان لەپەنجەرەکانەوە فرێئەدایە سەرشەقامو ناو کۆلانەکان.

لەنیوەی مانگی نیسانی هەمان سال بەدواوە، کەش‌وهەوا بەرەو گەرمی ئەرۆیشتو بەفرو سەهۆلەکان بەرەبەرە ئەتوانەوە، رۆژێک ئافرەتێکم دی لەسەر رۆخی شەقامەکە دانیشتبوو، منالێکی کۆرپەی بەباوەشەوە بوو، بەبێ هەستکردن ئەیخست بەملاو بەولادا، تاکو لەناکاو وەکو پارچە خۆش‌وخالێک فرێیدایە سەر زەوی، بەگورجی زانیم ئەو ئافرەتە هیچ هۆشی لای خۆی نەماوەو بەرپرس نییە بەرامبەر بەهیچ کردارێکی خۆیو هەموو شارستانێتییەکی رابوردووی لەبیرچۆتەوە.

لەرۆژانی چوارەمو پێنجەمو شەشەمی مانگی نیساندا، دیسان فڕۆکەکان دەرکەوتنەوە، هەندێک بەیاننامەیان بەسەر شارەکەدا بەردایەوە، کاتێک بەیاننامەکان خوێندرانەوە، دەوڵەت داوای لەخەڵکی شارەکە کردبوو:

«لەبەرئەوەی فرۆکەخانەکە لەدەرەوەی شارەو ئەڵەمانیەکان دەستیان بەسەرداگرتووە، پێویستە خۆتان٦ شوێنێک بۆ فرۆکەخانە لەناو شاردا پاک بکەنەوە، تاکو فرۆکەکان تیایا بنیشنەوەو ئازوخەتان بۆ بێنن».

دوای ئەوە هەوا نەختێک گەرم بوو، شارەکە بەتەوای بۆگەنی کرد چونکە زیاتر لەسێ ملیۆن مردوو لەسەر شەقامو کۆلانو ناو خانووەکانا کەوتبوون.

ئەو ئازوخەیەی فڕۆکەکان بەریان ئەدایەوە، بەشی ژیانوگوزەرانی خەڵکی شاری نەئەکرد، چونکە هەندێک لەو ئازوخەیە لەبەرەگای شەڕو لەسەر سەنگەری ئەڵەمانییەکان ئەکەوتنە خوارەوەو بەقسمەت نەئەبوون.

ڕێگای چارەسەرکردنی هێنانی ئازوخە بۆ ناوشار هەر ئەوەبوو لەناو شاردا فڕۆکەخانەیەک

دروست بکرێ، تاکو فرۆکەکان بەئاسانی بتوانن تیایا بنیشنەوە، خەڵکەکە ناچاربوون تا ئەوکاتەی لەڕێگای ئاسمانییەوە ئەوەندە ئازوخەیان بۆ دێت بەشی ژیانیان بکات، بەناچاری هەر گۆشتی مردووەکان بخۆن.

هەتا هەوا گەرمتر بوایە بۆگەنی لاشەی مردووەکان زۆرتر ئەبوو، تا ئەو رادەی لێهات لەبەر بۆگەنی لاشەی مردوەکان، هیچ کەس هۆشی لەسەر خۆی نەمابوو.

کاتێکیش بەفرو سەهۆڵەکان توانەوە، شەقامو کۆلانەکان هەر یەکە وەکو نیمچە روبارێکیان لێهات کە پڕبێ لەخۆشو خاڵو لاشەی مردوو.

بەشی سێیەم
پاككردنەوەی شارەكە
شانبەشانی خۆراگرتن

هەرچەند بیر لـەوە ئـەكـەمـەوە چـۆن ئێمە١،
تـوانـیـمـان ئـەو هـەمـوو لاشـەی مـردووانـە
دووربـخـەیـنـەوەو شـارەكـە پاكبكەینەوە، وەكو
ئەركێكی لەڕادەبەردەر دێتە بەرچاوم.

ئەوەی كە ورەی بەزكردبووینەوەو پاڵی پێوە
ئەنایین شارەكەمان پاكبكەینەوەو زیاتر خۆراگربین،
هەستی نیشتمانپەروەریو خۆشەویستی شارو
نیشتمانەكەمان بوو لەدڵی هەریەك لەدانیشتوانی
شـاردا. ئێمە بەو خۆراگرییە توانیمان نەخشەی
دوژمـن وەكـو نـەخـشـی سـەر ئـاو لێبكەین،
كەئەیویست شارەكەمان داگیربكات.

ڕۆژێک چەند فرۆكەیەكی دەوڵەت لەناو شاردا
لەو شوێنەی كە كرابووە فرۆكەخانە نیشتنەوە،
لەهەموو ژمارەی چوار ملیۆن كەس لەدانیشتوانی
شـار، تـەنیا نـزیكـەی پێنج سـەد هـەزار كەس

لەشارەکەدا مابوونەوە.

پاککردنەوەی شار:

کاتێک بڕیاردرا لاشەی مردووەکان دووربخرێنەوە، لەهەموو لایەکەوە ئەو پرسیارانە هاتنە پێشەوە کە چۆن لایانبەرینو بەچی لایانبەرینو بۆ کوێیان بەرین؟ ئێمە نەمانئەتوانی بەهۆی مەکینەی گڵ هەڵکەندنەوە چاڵیان بۆ هەڵکەنینو بیان نێژین، چونکە لەبەر نەبوونی سوتەمەنی مەکینەکان ئیشیان نەئەکرد.

ئەگەر بمانویستبایە بەپاچو بێڵ چاڵیان بۆ هەڵکەنین، دیسان لەبەر زۆری لاشەکانو سەختی زەوی کە سەرمای زستان بەستبووی، بۆمان هەڵنەئەکەندرا.

بڕیاردرا لاشەکان هەموو فڕێ بدرێنە خەندەکە گەورەکەی دەوری شارو، بۆ ئەوەش کە خەندەکەکە پڕنەبێتەوە، لەهەموو شووێنەکانی خەندەکەکەدا لاشەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دابنرێنو گڵیان بەسەردا بکرێ.

لەناو شاردا هیچ هۆیەک بۆ گواستنەوەی لاشەی مردووەکانو دوورخستنەوەیان لەناو

شاردا نەبوو، چونكە لەبەر نەبوونی سوتەمەنی هیچ ئۆتۆمبێلێک كاری نەئەكردو ئەسپو هێستری چوار چەرخەكانیش٢ نەمابوون تاكو چوار چەرخەكانیان پێ رابكێشین..

لەپێچكەی ئوتۆمبێلی كۆنو چوار چەرخەی بێ ئەسپو تەختەو دارو ئەمجۆرە شتانە، چەندان چوار چەرخی دەستیمان دروستكردو دەستمانكرد بەگواستنەوەی لاشەی مردووەكان بۆ ناو خەندەكەكەو دوورخستنەوەیان لەشار.

ئەوەندە بۆگەنی لاشەكان زۆر بوو، زۆرجار پیاوو ژنە ئیشكەرەكان -واتا ئەو پیاوو ژنانەی مردووەكانیان بەچوار چەرخە ئەگواستەوە بۆ دەرەوەی شار- لەكاتی بەرزكردنەوەی لاشەی مردووەكانا، لەبەر بۆ گەنی مردووەكان ئەبورانەوەو لەسەر خۆیان ئەچوون.

هەرچوار چەرخەیەک بەپێنج شەش كەس رائەكێشرا، لەیەكەمین رۆژی كۆكردنەوەی لاشەی مردوەكانا ئەوە دەركەوت كە پێویستەو ئەبێت لەپێشدا ئەو لاشانە دووربخرێنەوە كە سەر شەقامە گەورەكانیان گرتووە، بۆ ئەوەی رێگای هاتوچۆی چوار چەرخەكانو گواستنەوەی لاشە

مردووەکانی تر چۆڵ بکەن.

دوای ئەوەی شەقامە گەورەکان پاککرانەوە، ئینجا دەستکرا بە پاککرنەوەی شەقامە بچوکەکانی ناو شارو کۆلانو ناو خانوو باڵەخانەو ژێر زەمینەکان، ژنو پیاو پێکەوە هەموو خەریکی ئەمکارە بوون، بەجۆرێک بۆنی مردووەکان کاری کردبووە مێشکی خەڵکەوە، تەنانەت دوای چەند مانگێک -بگرە زیاتریش- هێشتا بۆنی لاشەی مردووەکان لە مێشکی خەڵکی شازدا مابووەوە.

لەو رۆژەوە کە دەسەندەی نانی رۆژانە نەما، تا ئەو رۆژەی شەڕ کۆتایی پێهات، سەرلەنوێ ژیان گەرایەوە بۆ ناو شارو نان دابەشکرایەوە، گوێم لەدەنگی یەکێک نەبوو لەناو شاردا گۆرانی بڵێت.

لەکاتی پاککردنەوەی شاردا، لاشەکانمان بەچوار چەرخە ئەبردو نەمانخستنە ناو خەندەکەکەوەو نەختێک گڵمان ئەکرد بەسەریانداو دامان ئەپۆشین.. تاکو بۆگەنیان نەیەت.

کاتێک لاشەی مردووەکانمان بەرزئەکردەوە، زۆرجار وا رێئەکەوت لاشەی هاورێیەکی خۆمم ئەدی، هیچ دڵم دانەئەچڵەکا، چونکە مردن بووبووە شتێکی ئاسایی.

شەقامەکان تا کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٢، هەموویان پاککرانەوە، هەموو لاشەکان فڕێدرانە ناو خەندەکەکەی دەوری شارو بەگڵ داپۆشران. هەرچەندە شەقامەکان بەتەواوی پاککرابوونەوە، بەڵام هێشتا هەر بۆگەنی لاشەی مردوویان لێ ئەهات.

بەدوورخستنەوەی لاشەی مردووەکانو پاککردنەوەی شار لەمردووەکان، ئازوخەی ئەوکاتەی خەڵکی ناوشار بڕا٣..

زۆر کەسی قایمەکار٤، کە گۆشتی مردوویان لەژێر خاکو ژێر زەمینەکانا شاردبۆوە، بەهاوکاری یەکترو پێکەوە لەگەڵ یەکدا ئەیانخوارد.. ئەوانیش هیچیان نەشاردبۆوە، دووچاری برسێتی بووبوونو لەسەر شەقامەکان لەبرساناو بێپەروا پەلاماری نەخۆشەکانیان ئەداو ئەیانکوشتنو گۆشتەکانیان ئەخواردن. یان بۆ ئەوەی گۆشتەکانیان بخۆن، ئینجا خەڵک بەپەلە دەستیانکرد بە گەورەکردنی فرۆکەخانەکە لەناو شارا، فرۆکەخانەکە بەتەوای دروستکراو گەورەکرا، هەرچەند ئەو فرۆکەخانە زۆر سەرەتاییانەبوو، چونکە هیچ پێداویستیو هۆیەکی فرۆکەخانەی تیا نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت

فرۆکە بتوانێت هەرچۆن بێت تیایا بنیشێتەوە.

فرۆکەخانەکە نە بورجی فەرماندەییکردنی هەبوو نە هەماری سوتەمەنیو نە هۆی پارێزگاریکردنی فرۆکەو نە هۆی پرکردنەوەی پاترییەکانی.

لەو باوەڕەدا بووین ئەگەر فرۆکەکان بتوانن بنیشنەوە، ئەتوانن هەموو جۆرە ئازوخەیەک بۆ خەڵکی شار بێنن.. بەڵام ئایا فرۆکەکانی ئێمە توانای ئەوەیان هەبوو خۆیان لەفرۆکە جەنگییەکانی ئەڵەمان —لە ئەڵقەی گەمارۆدانەکەی دەوری شار- رزگاربکەنو بگەنە سەر شارو بنیشنەوە؟

بیرمان لەوە ئەکردەوە کە فرۆکەکانی دوژمن چۆن ماوەی ئەوە ئەدەن فرۆکە بارهەڵگرەکانمان بگەنە سەر شارو بنیشنەوە.

بەرژەوەندیی سەربازی ئەڵەمان وای پێویست ئەکرد کە رێگای هیچ فرۆکەیەکی روسی نەدرێت، بەئاسمانی شاری لینینگرادادا بڕواتو لە فرۆکەخانەکەی ناو شاردا بنیشێتەوە..

رۆژ سیازدەیەمی مانگی مایسی هەمان ساڵ، فرۆکەخانەکە بەیەکجاری فراوانکراو تەوابوو، بەڵام نە ئەو رۆژە فرۆکە هاتنو نە رۆژی دواتر.

هیچ هۆیەکمان بەدەستەوە نەبوو کە بتوانین لێپرسراوانی سەرەوەی دەوڵەت لەبارەی تەواوبوونی فڕۆکەخانەکەوە ئاگادار بکەین. رۆژی شازدەیەمی مانگی مایسی ١٩٤٢، سێ فڕۆکەی بارهەڵگری خۆمان هاتنە ئاسمانی شارەکەوە، پۆلێک فڕۆکەی جەنگی پارێزگاریان لێئەکردن. لەئاسمانی شاردا، شەڕێکی توند لەنێوان فڕۆکەکانی ئێمەو فڕۆکە ئەڵەمانیەکانا رویدا، چەند فڕۆکەیەکمان کەوتنە خوارەوە، بەڵام هەرچۆن بوو فڕۆکەیەکی بارهەڵگر لەفڕۆکەخانەکەدا نیشتەوە.

باوەڕبکەن! وەکو چۆن لەچیرۆکە ئەفسانەییەکانا باسی ئەوە ئەکەن ئەگەر یەکێک لەئەستێرەی «مەریخ»ەوە بێتو بنیشێتەوە، چۆن خەڵک بەسەرسوڕمانییەوە لێی کۆئەبنەوەو دەوری ئەدەنو تەماشای ئەکەن، بەوجۆرە خەڵکی شار بەزۆری لەو فڕۆکەیە کۆبوونەوە.

لەوکاتەدا کەس بیری لەوە نەئەکردەوە بزانێت ئەو فڕۆکەیە بۆچی هاتووە؟ بەڵکو تەنیا ئەوەیان ئەویست فڕۆکەوانەکان ببینن بۆ ئەوەی بزانن روخساری خەڵکی ئەودیو ئەڵقەی گەمارۆدانە چۆنە.. ئەو خەڵکەی لەدەوری فڕۆکەکە کۆببونەوە،

بەرواڵەت زۆر شپرزەو ریش درێژو چڵکنو بۆگەن بوون، هیچ روخسارێکی شارستانێتیان بە روڵەتەوە نەمابوو.

فرۆکەوانەکان کە ئەو خەڵکە بێ نازەیان بەوجۆرە دی، نەیان وێرا لەفرۆکەکە بێنە دەرەوە، واتێگەیشتن کە ئەو خەڵکە هیچی مرۆڤی شارستانی نین بەڵکو هەموو روخساریان لەپیاوخۆرو دێوو درنج ئەچوو٦.

چاوەڕوانی ئەوەمان ئەکرد فرۆکەوانەکان بێنە دەرەوەو هەواڵی جیهانو ژیانی ئەودیو ئەڵقەی گەمارۆدانەکەمان بۆ بگێرنەوە، بزانین لەوێ -واتا لەودیو سنوری ئەڵقەی گەمارۆدانەکەوە- ژیانو خواردن هەیە، یان ئاگرو سوتەمەنی هەیە خەڵک پێی بژین؟ فرۆکەوانەکان بەجۆرێک لەخەڵکەکە ئەترسان، ئەگەر ترسی فرۆکە ئەڵەمانیەکانیان نەبایە یەکسەر بەرزئەبوونەوەو بەجێیان ئەهێشتین.. هەرچەند ئێمە زۆرتر لەفرۆکەکان نزیک ئەبووینەوە، فرۆکەوانەکان زیاتر لێمان ئەترسانو لەترسانا دەمانچەکانیان دەرئەهێنا بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن.. ئێمەش -خەڵکی شارەکە- هەموو مەبەستێکمان تەنیا زانینی هەواڵی

ژیانی ئەودیو ئەڵقەی گەمارۆدانەکە بوو.. هەرچۆن بوو دەرگای فرۆکەکەیان کردەوەو فرۆکەوانێکیان هاواری کرد:

«ئەوەچیە؟ چی رویداوە؟ بۆچی بەئارامی راناوەستن؟». خەڵکەکە هەموو بێدەنگ بوون: ئەوانەی خۆیان نوساندبوو بەفرۆکەکەوە، زۆر بەئارامیو لەسەرخۆ دوورکەوتنەوە.

فرۆکەوانەکە وتی:

«ئێوە خەڵکی کوێن؟ بۆچی روخسارتان وای لێهاتووە؟!».

یەکێک لەخەڵکی شارەکەوتی:

«ئێمە روسین، خەڵکی لینینگرادین، خەڵکی ئەم شارەین».

فرۆکەوانەکە وتی:

«باشە، بۆچی واتان لێهاتووە؟!..».

ئینجا هەموو خەڵک بەجارێک وتیان:

«چەند مانگە نانمان نەخواردووە ئاومان نییە، چرامان نییە، هیچ پێداویستییەکی ژیانمان نییە، هەموو خزمو کەسوکارەکانمان دۆستو برادەرەکانمان لەم ماوەیەدا لەبرساناو لەسەرمانا مردوون»..

پرسیاریان لەخەڵکەکە کردەوە:

«بۆچی مردوون؟!».. هەموو وتیان:

«لەسەرمانا، لەبرسانا، لەبەر نەخۆشی».

کۆمەڵێک پۆلیس هاتنو خەڵکەکانیان لەدەوری فڕۆکەکە دوورخستەوە، ئینجا فڕۆکەوانەکان داوای ئوتۆمبیلیان کرد بچن بۆ لای لێپرسراوانی شار، بەڵام پێیان وتن:

«ئۆتۆمبێل نییە، چونکە سوتەمەنی نییە تاکو کاری پێ بکەن». فڕۆکەوانەکان بەپێ چوون بۆ لای لێپرسراوانی شار، لەبارەی وەزعی شارەکەوە هەموو قسەیەکیان کرد، بەهۆی ئەو فڕۆکەوانانەوە لەهەواڵی وڵاتو دنیاو باسی شەڕەکە تێگەیشتین.. ئەوکاتە زانیمان کە ژاپۆن، پەلاماری ئەمەریکای داوە، لە ئەنجامدا لەرۆژهەلاتی دوور دووچاری شەڕەکە بووە، دەوڵەتی ئەمەریکاو بەریتانیا گەلێک زیانیان لە دەست ژاپۆن پێگەیشتووە، ئەوشمان زانی ئەگەرچی ژاپۆن لەگەڵ ئەمەریکاو بەریتانیادا کەوتۆتە شەڕەوە -کە لەوکاتەدا دوو دەوڵەتی سوێندخوارو هاوپەیمانی ئێمەبوون- بەڵام هێشتا دەستی بۆ ئێمە نەهێناوە.

دەوڵەتی ژاپۆن وای بیرئەکردەوە ئەگەر لەم

کاتەدا -کە ئێمە لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا شەڕمانە- ئەگەر ئەویش پەلامارمان بدات، ئەوا ئێمە بەئاسانی لەناوئەچین..

ئەوکاتە دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو ئەڵمان ئەبێتە دراوسێی ژاپۆن. کەوابوو باشتروایە بۆ ژاپۆن پەلاماری ئێمە نەدات، بۆ ئەوەی ئەڵمان لەوڵاتی ئێمەدا سەرنەکەوێت. بەڵام ژاپۆن ئەوەی نەئەزانی کە ئێمە بەئاسانی لەناوناچینو لەو رادەیەی کە ئەو چاوەڕوانی ئەکات، خۆڕاگرترین.

ئێمە لەو هەموو برسێتیو باری ژیانە ناهەموارەدا، ئامادەبووین هەموومان بمرین ئەک خۆمان بدەین بەدەست ئەڵمانەکانەوە.

فرۆکەوانەکان بە بێتەلەکانیان پایتەختیان ئاگاداركرد کە باری برسێتیو مەترسیو مردن لەشارەکەدا چۆنە،و داوایان لەدەوڵەت کرد بەزوترین کات ئازوخەو سوتەمەنیو داوو دەرمانو پێداویستییە گرنگەکانی تری ژیان بۆ دانیشتوانی شارەکە بنێرن: ئەو فرۆکانەی نیشتبوونەوە، پەتاتەو شەکرو چایان هێنابوو.

لێپرسراوانی شار پەتاتەکەیان دابەشنەکردو بڕیاریاندا بیچێنن، چونکە زەویو زارەکانی

دەوروبەری شار -ئەوانەی هێشتا نەکەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئەڵەمانیەکانەوە- هەموو بۆ کشتوکاڵی پەتاتە زۆر باش بوو، چونکە ئەیانزانی تاکو فڕۆکەی ئەڵەمان بەسەر ئاسمانی شاردا بسوڕێتەوە، فڕۆکەکانمان ناتوانن بەوڕادەیە ئازوخە بێنن کە بەشی هەموو دانیشتوانی شارەکە بکات. لەبەرئەوە پێویستە خۆیان خەمی خۆیان بخۆن‌و درێژە بە کشتوکاڵ بدەن، هەروەها لێپرسراوانی شار هەموو بڕیاریاندا فڕۆکەکان چەند جارێک لەسەر یەک تەنها پەتاتە بێنن، بۆ ئەوەی لەکەژی بەهاردا بیچێنن.

دوای ئەوەی بەبێتەل هەواڵی شارو ژیانی خەڵکی شار بە پایتەخت راگەیەندرا، دەوڵەت بڕیاریدا گۆشت‌و ئازوخەی تر بۆ شارەکە بنێرێ، بەڵام لێپرسراوانی شار لەوەڵامدا وتیان.

«گۆشتمان بۆ مەنێرن، چونکە خەڵکی شار ئەوەندە گۆشتی مردوویان خواردووە، لەوانەیە تا چەند ساڵێکی تریش هیچ جۆرە گۆشتێکمان پێ نەخورێت».

دوو رۆژ دوای ئەوە چەند فڕۆکەیەکی تر هاتن‌و ئازوخەیان هێنا، بەڵام هەموو جار هەر

لەپێنج فڕۆکە دوانیان بەبارەوە ئەکەوتنە خوارەوە، ناو خەتی گەمارۆدانەکە -بەهۆی ئەوەوە کە لەسەر ئەڵقەی گەمارۆدانەکە ئەڵەمانیەکان تەقەیان لێئەکردن- لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ۱۹٤۲دا، بەهۆی گەرمیو توندوتیژی باری شەڕەکەوە، لەهەموو بەرەگاکانی ولاتدا، ئەڵەمانییەکان ناچاربوون هێزی هەوایی -یان هێزی ئاسمانی- لەدەوروبەری شارەکە کەمبکەنەوەو فڕۆکەکانیان بنێرن بۆ شەڕی بەرەگاکانی تر.. بەمکارە باری خەڵکی ناو شار کەمێک ئاسان بوو، ئەوکاتە فڕۆکەکانمان لەجاران باشتر ئەیانتوانی هاتوچۆ بکەنو لەناو شاردا بنیشنەوە.

خەڵکی شار بەگەورەو بچوکەوە دەستیان کرد بەچاندنی پەتاتە، چەندان کێڵگەی گەورەو بچوک لەدەوروبەری نزیکی شاردا چێنرا، هەرچەند بەهۆی نەبوونی سوتەمەنییەوە مەکینەی جوتکردن نەبوو، بەلام بەپاچو بەبێڵ زەوییەکانیان ئەکێلا.

فڕۆکەکانی ئەو سەردەمە، وەکو ئێستا بەهێز نەبوون کە بتوانن باری گەورە هەڵبگرن، جگە لەوەی کە ئەبوا بەناو ئاگری شەڕەکەدا بهاتبانایە.

هەر لەبەر ئەمەش بوو، لێرسراوانی شار بەڵێنی نانی تەواویان بەدانیشتوانی شارەكە نەئەدا.

باری چۆنێتی شەڕەكە ئەوەی نیشان ئەدا كە زستانی داهاتووش شارەكە لە گەمارۆی شەڕ رزگاری نابێت.. خەڵك هەرچی سوتەمەنی هەبوو زستانی رابوردو هەمووی سوتاندبوو.. تەنیا دارستانە دەوڵەتییەكانی دەوروبەری شار مابوونەوە كە ئەوانیش زۆربەیان بەدەست لەشكری ئەڵەمانییەكانەوە بوون. ئەگەر سوتەمەنی نەگاتە شار، زستانی داهاتوو خەڵكەكە هەموو ئەمردن لەسەرمانا.

بریار وابوو ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت ئەو ئەڵقەی گەمارۆدانە بشكێنێت، ئەوا پێویستە خەڵكی شار لەلایەكەوە دوژمن بەرەو پاش ببەن بۆ ئەوەی ئەو دارستانانەی كە ئێستا بەدەست دوژمنەوەن، بكەونەوە دەست خەڵكی شارو بیانكەن بەسوتەمەنیی زستانی داهاتوویان، تاكو لەسەرماناو لەبرسانا نەمرن.

لەرۆژی ١٥ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٢دا، سوپای بەرگریی داكۆكیكاری شارو خەڵكی شار بەگەورەو بچوكەوە، پەلاماری لەشكری

ئەڵەمانییەکانیان داو چەنە کیلۆمەترێک لەکەناری شاریان دوورخستنەوەو ئەو بێشەو باخ‌و دارستانانەی لەنزیک شارەوە بوون، کەوتنەوە دەست سەربازو خەڵکی شارەکە.خەڵکەکە بەدەستاوبردو ئازایانە بڕی‌و هەموویان بەکۆڵ هێنایە شارەکەوە، لەماوەیەکی کەمدا ئەوەندەیان دار هێنا کە ئەتوت بەشی هەموو زستان ئەکات.

خەڵکی شار بەزۆری بیریان لەوە ئەکردەوە هەندێک لەو کارخانانە کە بەئاگری خەڵوزی بەردی کاریان ئەکرد، بەدار بیانخەنەوە کار.

بەشی چوارەم
چەند پەلامارێکی زیرکەوتوانەی ئەڵەمانەکان و گەڕانەوەی ڕوخساری ژیان بۆ ناو شار

کۆتایی شەڕ

کاتێک پەلاماردانی ئەڵەمانیەکان دەستیپێکرد، هەموو ئەو کەسانەی توانای پەلاماربردنیان هەبوو بۆ سەر ئەڵەمانیەکان ئامادەبوون، هەندێک چونە ناو سەنگەرەوە، هەندێکیش سەنگەری تازەیان دروستکرد.. ئێمە بەپێی تاقیکردنەوەی رابوردو، ئەوەمان ئەزانی کە ئەڵەمانییەکان ناتوانن لەخەندەکەکە بپەڕنەوە بۆ ناو شار، بەڵام -لەگەڵ ئەوەشدا- بەوە دەسخەرۆنەبووین، لەناو شاردا گەلێک سەنگەرمان لەسەر شەقامەکان و کۆلانەکاندا دروستکرد، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەڵەمانییەکان هاتنە ناو شارەوە سەنگەر بەسەنگەر بەرگیرییان لێ بکرێ.. چونکە ئێمە هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە ئەو بڕیارەمان دابوو، ئەگەر هەموومان بکوژرێین خۆ نەدەین بەدەستەوە.

ئەو گوللە تۆپانەی دوژمن ئێمەی نەئەترسان،

چونکە ئێمە بەرلەوکاتە ئەوەندە سەمەرەی تاڵمان بەسەردا هاتبوو، هەرگیز لەگوللە تۆپ نەئەترساین.

ئەڵەمانیەکان چەند جارێک پەلاماریان داین: ئەیانویست بێنە ناو شارەوە، بەلام ئێمە خوارگرانە بەرهەڵستیمان ئەکردن، ئێمە دوو کارخانەی کارەبامان بەدار خستە کارکردن، بەو هۆیەوە کارمان پێشتر کەوت: ئەڵەمانیەکان هەفتەیەک لەسەر یەک شەوو رۆژ پەلاماریان ئەداین. دوو جار ویستمان بەچەتربازی پشتمان لێ بگرن، بەلام ئێمە هەردوو جارەکە سەربازە چەترەوانەکانمان ئەکوشتو چەند کەسێکمان لێ بەدیل ئەگرتن، گەلێک زانیاریمان لەبارەی شەڕو جۆری چەکو چەندایەتی ئەڵەمانییەکانەوە لەدیلەکان وەرگرت.

دیلەکان ئەیانوت:

ساڵی پارەکە، سێ لەشکر بووین بەلام ئێستا ژمارەمان کەمبۆتەوە، زۆربەی هێزەکانمان رۆیشتن بۆ بەرەکانی تر بۆ شەڕکردن.

لەسەرەتای زستانی ساڵەکانی ١٩٤٢-١٩٤٣دا، ئەڵەمانییەکانو فنلندییەکان زیاتر لە ٢٠ لەشکریان لەدەوروبەری شار هەبوو، چوار لەشکریان فنلندیو شازدەشیان ئەڵەمانی بوون.

بەداخەوە، کەئێمە لەشکری زرێدارمان نەبوو، واتا تانکو زرێپۆش‌و چەکی قورسمان نەبوو.. ئەگەرنا ئەمانتوانی لەشار بچینە دەرەوەو ئەو ئەڵقەی گەمارۆدانە بشکێنین.

زستانی دووەم هەرچەند هێشتا گەمارۆدرابووین، بەڵام بەهۆی بوونی کارەباوە دەزگای رادیۆمان کاری ئەکردو هەموو هەواڵێکی دەرەوەی شارو جیهانمان ئەزانی.

بەهۆی رادیۆی لەندەنەوە، هەواڵمان زانی کە هاوپەیمانەکان لەشکری خۆیان گەیاندۆتە ئەفەریقاو لەوێ بەرەیەکی تری شەڕیان دامەزراندووە، هەروەها بەهۆی رادیۆوە هەواڵی بۆمبارانی شارەکانی ئەڵەمانیای رۆژئاوامان ئەزانی، بەتایبەتی شارە سنعەتییەکانیان.

هەندێک جار هەواڵمان وەرئەگرت، گوایە هەندێک شەو هێزی ئاسمانی ئینگلیز حەوت سەد تا هەشت سەد، هەندێک جاریش هەزار فرۆکەی بۆمباهاوێژی ناردۆتە سەر شارەکانی ئەڵەمانیای رۆژئاوا.

لەرادیۆی لینینگرادەوە، هەموو جار هەواڵمان بەپایتەخت ئەگەیاندو هەواڵیشمان لێ

وەرئەگرتنەوە.. ئەیانوت لەکاتی شەڕدا نابێت ئێستگەکان کار بکەن، نەوەک دوژمن بیاندۆزێتەوەو بیانشکێنێ، بەڵام ئێمە هەر کارمان پێ ئەکردن.

لەزستانی سالی ١٩٤٢- ١٩٤٣دا، لەشکری ئەڵەمان چەند جارێک شارەکەی بۆمباران کرد، لەهەمان زستانا سوتەمەنیمان زۆربوو لەو رووەوە بێ خەم بووین، لەگەڵ ئەوەشدا زستانەکە وەک سالی رابوردو سارد نەبوو، ئەو ساڵە هیچ کەس نە لەسەرماو نەلەبرسانا نەمردن، بەڵام ئاوی خواردنەوەمان زۆر کەم بوو، هەروەکو سالی رابودوو بەفرمان ئەخواردو بەفرمان ئەتواندەوە.

مژدە:

رایۆی پایتەخت مژدەیدا کە لە خوارووی وڵاتدا لەشکرێکی گەورەی ئەڵەمان خۆی داوە بەدەستەوەو لەهاوینی داهاتوودا هەموو ئازوخەیەک بەرێگای زەمینیدا ئەگاتە شارەکان.

ئازوخە بەجۆرێک ئەگەیشتە لامان، ئەبوا ئەو ئابلۆقەی گەمارۆدانەی ئەڵەمانیەکان بشکێت‌و رێگاکە بکرێتەوە، ئینجا بەئەندازەی پێویست ئازوخە ئەگاتەوە ناو شار.

ئێمە بیرمان لەوە ئەکردەوە کەدەوڵەت ئەیەوێ

لەهاوینی داهـاتـوودا ئـەو ئەڵقەی گـەمـارۆدانـە بشکێنێ، باری چۆنێتی بەرەکانی شەڕ لەلایەن هێزەکانمانەوە لەهەموو لایەک باش بووبوو، تەنیا لای ئێمە نەبێت.

لەخوارووی وڵاتدا هێزی دوژمن لەناوچووبوو، ئـــەوەی مــابــۆوە خـــۆی دابـــوو بـــەدەســـتـــەوە، لەناوەراستی وڵاتیشدا سوپای وڵات لەشکری ئەڵەمانی بـــەرەو دواوە ئـەشـکـانـدەوەو ئێمەش بەهیوابووین هاوینی داهاتوو گەمارۆدانەکەمان نەمێنێ.

لەبەهارو هاوینی ساڵی ۱۹٤۳دا، هەروەکو ساڵی رابردو پەتاتەو ماشمان ئەچاند بۆ ئەوەی بۆ زستان ئازوخەمان هەبێت، هەروەها دارمان کۆئەکردەوە بۆ ئەوەی زستان سەرمامان نەبێت.

هەواڵێکی خۆش:

لەهاویندا هەواڵێکی زۆر خۆشمان پێگەیشت کەپەلاماربردنی ئەڵەمانیەکان لەناوەندی وڵاتدا شکاوەتەوە، ئەمە دواپەلاماری ئەڵەمانیەکان بوو لەوڵاتدا، دوای ئەوە لەشکرەکانی ئەڵەمان توانای پەلاماردانیان نەما، تا ئەوکاتەی بەرلین خۆیدا

بەدەست لەشکری هاوپەیمانەکانەوە.

ئەڵەمانیەکان لەبەرەی شەڕی «کورسک بیلگورد»دا لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣، چوار هەزار تانکیان بەکارهێنابوو!

لەکاتی گەمارۆدانەکاندا، لەسەرەتا سەربازەکانی وڵات کە داکۆکیان لە شارەکەمان ئەکرد ئازوخەیان هەبوو، بەڵام دواتر ئەوانیش بێ ئازوخە کەوتن‌و وەک خەڵکی شار دەستیان کرد بە خواردنی گۆشتی مردووەکان.

خەڵکی شار هەندێک لولەی ئاویان چاککردەوەو بەو هۆیەوە ئاو ئەگەیشتە هەندێک لەگەڕەکەکانی شار.. رۆژێک کە بەفر ئەباری، لەبەری رۆژهەڵاتی شارەکەمانەوە دەنگی دەستڕێژو تۆپو شەستیر ئەهات، رادیۆ بڵاویکردەوە کە سوپای وڵات بەدرێژایی دەریاچەی «لادوگا» کە کەوتۆتە بەری رۆژهەڵاتی شارەکەوە، پەلاماری لەشکری ئەڵەمانی داوە بۆ ئەوەی شارەکە رزگار بکات.

ئێمە کە ئەم هەواڵەمان بیست، دەمودەس کەوتینە خۆ، لەپشتەوە پەلاماری لەشکری ئەڵەمانمان داو لەشکری ئەڵەمان کەوتە نێوان دوو ئاگرەوە..

لەیەکەمین رۆژەکانی سالی ١٩٤٤دا، سوپای ولات لەبەری رۆژهەلاتو ئێمەش لەناوەوە پەلاماری ئەلمانیەکانمان داو لەشکری ئەلەمانمان شکاندو چاومان بەبینینی سوپای ولاتەکەمان روونبۆوە.

کەرێگا کرایەوەو ئازوخە گەیشتە شار، بەگورجی نانەواخانەکان دەستیان کرد بەنانکردن‌و هەر کەس هەر رۆژە دەسەندەی تەسەلی نانی خۆی وەرئەگرت.

باری ژیان جارێکی تر ئاساییبۆوە، دەولەت بڕیاریدا پۆستە بەپۆستە خەلکی شارو ئەو سەربازانەی لەشارەکەدا بوون، بیاننێرێ بۆ ناوچەکانی تر بۆ ئەوەی بێنەوە سەرخۆ: چونکە خۆراگرتنی سێ سال‌و خواردنی گۆشتی مردووو سەرماو سۆلەو هەزاران جۆر نەخۆشی، بەجۆرێک کاری کردبووە سەر روخساری خەلکی شارەکە، کەبەئاشکرا شێتی‌و ماندویتی‌و نەخۆشی لەروالەتیانا بەدی ئەکرا.

زۆری پێ نەچوو لەشکری ئەلەمان بە شپرزەییەوە دەوری شارەکەی بەجێهێشت‌و بەیەکجاری گەڕایەوە.

فەرهەنگۆک

ئەو وشانەی وشەی تریان لەجێگادا دانراوە، ئەمانەن:

ئاناتۆل دارۆف- من

لینینگراد- شارەکە

روسیا- وڵات

بەریتانیا- ئینگلیز

دەوڵەت- خۆمان

نیسان- ئابریل

حوزیران- ژوئن

تەمموز- ژوئیە

مایس- مەی

ئاب- ئاوت

خەڵکی شار- ئێمە

لەبەشی دووەمی کتێبەکەوە:

بەشێکی زۆری خەڵکی شار بیریان لەوە کردبۆوە کە بەهار هاتو هەوا گەرم بوو، لاشەی مردووەکان بۆگەن ئەکەنو هەزاران جۆر نەخۆشییان لێدەکەوێتەوە، بۆیە زۆربەیان کەوتنە خۆ لەژێر خانە ساردەکانا چاڵیان هەڵئەکەندو لاشەی مردووەکانیان تیائەشاردەوەو پاشەکەوتیان ئەکردن بۆ ئەوکاتەی کە هەوا گەرم ئەکاتو گۆشتی سەر شەقامو کۆڵانەکان بۆگەن ئەکەن. کاتێکیش گۆشتی مردوو خواردن بوو بەشتێکی ئاسایی، ئیتر ئەوەندە خەڵك لەبرسانا نەئەمردن.

لەبەشی سێیەمی کتێبەکەوە:

دوای ئەوەی بەبێتەل هەواڵی شارو ژیانی خەڵکی شار بە پایتەخت راگەیەندرا، دەوڵەت بڕیاریدا گۆشتو ئازوخەی تر بۆ شارەکە بنێرێ، بەڵام لێپرسراوانی شار لەوەڵامدا وتیان:

«گۆشتمان بۆ مەنێرن، چونکە خەڵکی شار ئەوەندە گۆشتی مردوویان خواردووە، لەوانەیە تا چەند ساڵێکی تریش هیچ جۆرە گۆشتێکمان پێ نەخورێت».